



**(١)**

ئەگەر هەوڵبدەین ئەو هەستە سەرەکییانە دیاریبکەین کە سێ ئایینە سامییەکە پەیوەندیی مرۆڤیان لەگەڵ خوادا پێدەربڕیوە، دەبینین لە خۆشەویستیو ترسو کینەدا کۆدەبنەوە: خۆشەویستیی خوا، ترس لە دەسەڵاتو سزاکەیو رقلێبوونەوەی ئیبلیسی دوژمنی. بیریارە ئایینییەکان لەو هەستانەیان کۆڵیوەتەوەو چەندەها لاپەڕەو کتێبیان بۆ تەرخان کردووەو وتەکانیان دەربارەی ئیبلیس دەکەوێتە نێوان هەوڵە (جیدییەکانی) ناسینی ئەو پایەی لە سیستەمی گەردووندا هەیەتیو دیاریکردنی پەیوەندییەکەی بە خواوەندەوەو دۆزینەوەی ئەو مەبەستەی لەپێناویدا دروستکراوەو نێوان تەنیا درێژدادڕی لە شەرحکردنی چوونەناو مرۆڤ و فێرکردنی رێنماییو دۆعا ناسراوەکان بەمەبەستی دوورخستەوەیو خۆپاراستن لە خراپەکارییەکانی. بێگومان هەریەك

له ئێمه وێنەیەکی دیاریکراوی دەربارەی کەسایەتیی ئیبلیس له مێشکیدا هەیە، که وەك بەشێکی دانەبراو له رۆشنبیرییە تەقلیدیو پەروەردە ئایینییەکەی، بەمیراتی بۆی ماوەتەوە. لێرەدا خۆم بەناچار نابینم زۆر درێژەی پێبدەم تاوەکو ئەو وێنەیە وەبیربهێنمەوە چونکە بەچاکی لای هەمووان ناسراوە. له نێوان فریشتەکاندا ئیبلیس هەرە نزیکەکەیان له خوا بوو، پایەیەکی گەورەی له سیستەمی بوونەوەرە باڵاکاندا (الملأ الاعلى) هەبوو، تاوەکو ئەو کاتەی سەرپێچیی فرمانی خوای خۆی کردو ئەمیش له بەهەشت دەریکردو نەفرەتێکی هەتاهەتایی لێکرد، بەوەیش بوو بە بەرجەستەبوونی هەموو شتێکی خراپەو هەموو ئەو خەسڵەتانەی له خۆیدا کۆکردەوە که له خوا دوورن. لێرەدا تێبینی دەکەین ناوەکەی دەلالەتی جەوهەرەکەی دەکات ئەویش (الابلاس)ە، واتە بێئومێدبوونی تەواو له بەزەیی خوای خۆیو گەڕانەوە بۆ بەهەشت {بەگوێرەی لێکدانەوە ئیسلامییە تەقلیدییەکانی مانای الابلاس}. کێ له ئێمە ئەو پەندە نازانێت که بۆ دەلالەتکردن له ئومێدێکی بەتەواوی لەکیسچوو دەربارەی ئومێدی ئیبلیس بۆ بەهەشت دەوترێت. وشەی ئیبلیس لای هەمووان دەلالەتی پیلان و ئاژاوەو دڵەڕاوکێو بەدرەفتاریو یاخیبوونو خەسڵەتە قێزەونو ناشرینەکانی ترە که خەیاڵی مرۆڤ له یەك کەسایەتیدا، ئەویش شەیتانە، بەرجەستەی کردوون. بە تێپەڕبوونی رۆژگاریش خەیاڵی مرۆڤ هێزی گەورەو توانای مەزنی بە ئیبلیس بەخشیوە، لەوانە توانای هزریی ئەفرێنەرو هێزی هونەریی داهێنەرانە، وەك توانای راپەڕاندنی کاری پەرجووانەو کرداری سەیر، تەنانەت وایلێهاتووە ئیبلیس له لایەنی هێزو تواناو بەرهەمەکانییەوە راستەوخۆ پاش خوا دێت. ئیمام جمال الدین بن الجوزی کتێبێکی نووسیوە ناوی ناوە (تلبیس ابلیس)(١) باس لەو شێوازانە دەکات که ئیبلیس بەوە خۆی له مرۆڤ دەگۆڕێتو بەوەیش له ڕێگای چاکەیان دووردەخاتەوە، سەیرەکە لەوەدایە ئەم کتێبە تەنیا وێنە تەقلیدییە باوەکەی ئیبلیسمان بۆ ناکێشێتو بەس، بەڵکو بێئەوەی بزانێت، هێزگەلێکی خولقێنەرانەی داهێنەرانەی شایستەی سەراسیمەبوونو ڕێزلێگرتنی پێدەبەخشێت. بۆ نموونە ئیبن الجوزی زۆربەی ئەو بزوتنەوە ئایینیو هزرییە گەورانەی له مێژووی شارستانییەتی ئیسلامیدا سەریانهەڵداوە بۆ کاری ئیبلیس دەگەڕێنێتەوەو دەیکاتە بەرپرسی ئەوانەو بەوەیش دەیگۆڕێت بۆ فەیلەسووفێکی گەورەو قسەزانێکی موتەکەلمێکی شکۆدار. ئیمامە بەڕێزەکەمان دەڵێت سۆفستائیو الدهریەو الطبائعیەو ئایینەکانی خۆرهەڵاتی دوورو کریستانیزمو زانستی کەلامو گروپی موعتەزیلە له کارەکانی ئیبلیسنو ئەنجامی چوونەبەرگی بیریارو زاناکانەوەیە (٢). هەروەها بزوتنەوەکانی خەوارجو رافیزەو زوهدییو سۆفیگەری بۆ چوونەبەرگی پێشەواکانی ئەو تاقمانە دەگەڕێنێتەوە، لەوانەیش ئەبو تالیبی مەکییو ئیمام غەزالی(٣). دەربارەی هەندێك بۆچوونی فەلسەفی دەڵێت: (ئەریستۆتالیس و هاوڕێکانی پێیان وابوو زەوی هەسارەیەکە له هەناوی ئەم گەردوونەداو له هەر هەسارەیەکدا رواڵەت هەیە هەروەك ئەوەی ئەم زەوییەو رووبارو درەختو... تێدایە، جا تەماشاکە ئیبلیس چیی بۆ ئەو دەبەنگانە رازاندووەتەوە، هەرچەندە ئەوانە لافی ئەقڵانیەتی تەواویان لێدەدا)(٤). هەروەها دەربارەی خۆگۆڕینی ئیبلیس له ئەهلی زمانو ئەدەب ئەمەی خوارەوە دەڵێت: (سەری له هەندێکیان شێواندو لەبری ئەو ئەرکە پەرستنکارییانەی پێویستە بزانرێنو ئەو شتانەی له ئادابی دەروونو دڵچاکیدا له پێش هەموو شتێکەوەیە بۆیان، بە زانستەکانی رێزمان (النحو)و زمانەوە سەرقاڵیکردن)(٥). کەواتە لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت بیرۆکە باوەکەی دەربارەی توانای ئیبلیس تەنیا له دانانیدا بە سەرچاوەی فریودانی خەڵك له ڕێگەی راست قەتیس نابێت، بەڵکو لەوە تێدەپەڕێتو هێزی بەرفراوانو توانای مەزن دەگرێتەوە، که ئەگەر بە جدییەوە وەریان بگرین بۆمان دەردەکەوێت کەوا ئیبلیس بەشێکی گەورەی رەوتی رووداوەکان بەڕێوەدەباتو بە بەرپرسی زۆربەی بزوتنەوە هزریو هونەریو سیاسییەکانی مێژووی شارستانی دادەنرێت.

پاش ئەم پیاچوونەوە خێرایەی وێنە تەقلیدییە باوەکەی دەربارەی ئیبلیسو دەسەڵاتەکەی، دەمەوێت ئەوە روون بکەمەوە که ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە له سەرلەنوێ چاوپیاخشاندنەوەی چیرۆکی ئیبلیسو

لێکۆڵینەوەی کاراکتەرەکەیو هەڵوێستیو بەرپرسیاریو چارەنووسەکەی لەبەر ڕۆشناییەکی نوێی جیاواز لەو باوەڕو بیرۆکانەی دەربارەی ئەو بوونەوەرە پێی ڕاهاتووینو رکێفی بەسەر وێناندنەکانماندا کێشاوە. ئەو سەرچاوە بنچینەییانەی متمانەیان دەکەمە سەر بریتین لەو ئایەتە قورئانییانەی چیرۆکو سەرگوشتەی ئیبلیسمان بۆ دەگێڕنەوەو هەندێك لەو نووسراوانەی ئەو بیریارە موسڵمانانە بۆیان بەجێهێشتووین، کە بایەخیان بە ئیبلیسو کەسایەتییەکەیو یاخیبوونیو ئەرکیو کۆتاییەکەی داوە.

بەڵام پێشئەوەی بچمە کرۆکی بابەتەکەوە دەمەوێت بۆ هەموو لایەك روون ببێتەوە کەوا لێکۆڵینەوەکەم لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دەخولێتەوەو هەرگیز بواری لێ دوورکەوتنەوەی نییە، ئەویش چوارچێوەی بیرکردنەوەی میسۆلۆژی- ئایینی زادەی خەیاڵی ئەفسانەییو بەهرە خورافییەکانی مرۆڤە. من نامەوێت مامەڵەی چیرۆکی ئیبلیس بکەم بەوپێیەی بابەتێکە دەکەوێتە نێو چوارچێوەی باوەڕی ئایینیی پەتییەوەو نامەوێت بەوپێیەی بوونەوەرێکی هەبوو و راستەقینەییە دەربارەی بدوێم، بەڵکو دەمەوێت بەوپێیەی کەسایەتییەکی میسۆلۆژییە کە بەهرە خورافییەکەی مرۆڤ ئەفراندوویەتیو گەشەی پێداوەو خەیاڵە بەپیتەکەی قەبەی کردووە، لە کەسایەتییەکەی بکۆڵمەوە. لەکاتی بیرکردنەوەدا لە بابەتی ئیبلیس رووبەڕوو خۆم لەبەردەم کەلەپوورێکی میسۆلۆژی- ئایینی کۆن لە سەرهەڵدانو مێژوویدا دەبینمەوە. پوختەی ئەوەی دەمەوێت گەڵاڵەی بکەم تۆژینەوەی یەکێك لەو کەسایەتییە سەرەکییانەیە کە لەگەڵ ئەو کەلەپوورەدا پێمان گەیشتووە، بە مەرجێك لە بواری سنووری پێدراوە بەڵگەنەویستەکانی بیرکردنەوەی میسۆلۆژیدا بمێنینەوەو بێئەوەی لە بنەما سەرەتاییەکانی دەربچین.

لێرەدا پێویستە سەرنج رابکێشم بۆئەوەی کەوا بیرۆکە پێشینەییو باوەکەی دەربارەی ئەفسانەو بایەخەکەی کەمێك دوورە لە هەقیقەتی ئەو رۆڵەی ئەفسانەکان لە ژیانی مرۆڤ و پێکهاتەی شارستانییەکەیدا دەیگێڕن. ئێمە وا راهاتووین بە شتێك بڵێین ئەوە (ئەفسانەو خورافە)یە، تاوەکو لە بەهاکەی کەم بکەینەوەو مێشکی خەڵکی لێ دوور بخەینەوەو بۆئەوەی خەسڵەتە واقیعیو بابەتییەکانی لێدابماڵینو روونی بکەینەوە ئەوە تەنیا وەهمو خەیاڵە. لەبەر ئەوە بە پێویستی دەزانم، گەرچی کەمێکیش بێت، هەندێك لە راستییە گرنگەکانی دەربارەی سروشتی ئەفسانەو گرنگیی بیرکردنەوەی میسۆلۆژی بەلایەن مرۆڤ و کۆمەڵەوە باسبکرێت.

فەیلەسووفەکان مرۆڤیان بە گیاندارێکی قسەکەر پێناسەکردووەو ئەگەر مرۆڤ گیاندارێکی قسەکەر بێت ئەوا بێگومان هەروەها (گیاندارێکی خورافیشە). وەك چۆن تاکە گیاندارێکە بە قسەکەر وەسفدەکرێت، هەروایش تاکە گیاندارە کە خورافەو ئەفسانە دەهۆنێتەوەو دەیانگۆڕێت بۆ میسۆلۆژیای ئاڵۆز کە ئیمانێکی پتەوی پێدەهێنرێت، هەروەك ئەوەی راستیی واقیعی گومانلێنەکراو بن. کەواتە بیرکردنەوەی ئەفسانەیی خەسڵەتێکی جەوهەرییە لە خەسڵەتەکانی مرۆڤ و روخسارێکی گرنگی روخسارەکانی چالاکییە ئەقڵییەکەیەتی بەمانای فراوانی دەربڕینەکە. لەبەر ئەوە زۆر لە لێکۆڵەوەران بایەخیان بە تۆژینەوەی چالاکییە خورافییەکەی مرۆڤ داوە لەبەر ئەو راستییە بنچینەییانەی دەربارەی مرۆڤ و کۆمەڵگەکانیو تواناو رۆشنبیریو شارستانییەتییەکانی دەریدەخات. بۆ نموونە کاتێك لەم باسەدا دەربارەی (تراژیدیای ئیبلیس) دەدوێم، بێگومان ئێوە لە بیرەوەریتاندا دەگەڕێنەوە بۆ پەیوەندییە ئۆرگانییە کۆنەکەی نێوان تراژیدیاو دراما لە لایەكو نێوان میسۆلۆژیاو بیرکردنەوەی ئەفسانەیی لە لایەکی ترەوە. هەروەها سەرلەنوێ چاوخشاندنەوە بەم کەسایەتییە ئەفسانەییەی ناومان ناوە ئیبلیس، بە لایەن ئایینو هونەرو فەلسەفەوە رەهەندو ئەنجامی گرنگی لێدەکەوێتەوە. لێکۆڵەوەران هەوڵی زۆریان داوە بۆ شیتەڵکردنی پەیوەندیو رایەڵە ئۆرگانییەکانی نێوان بیرکردنەوەی ئەفسانەییو نێوان رەهەندە ئایینیو هونەریو فەلسەفییەکانی هەچ گرفتێك لەو گرفتە گەورانەی مرۆڤ رووبەڕوویان دەبێتەوە. میسۆلۆژیا لە خودی خۆیدا ئەوساو ئێستاش ئایینو هونەرو فەلسەفەیەکی سەپاو بووە (دینا بالقوە وفنا بالقوە وفلسفە

بالقوه) چونکە لە ڕێژگە نەرمە سنوورو ڕەهەند دیارینەکراوەکەیدا ڕەگەزەکانی دڵدانەوەو هاوخەمی زەرووریی هەموو ئایینێكو خەسڵەتەکانی دەربڕینی هونەری خولقێنەرانەو بەدەنگەوەچوونی (الاستجابە) جوانناسییانەی کاریگەرییەکانی دەوروبەری مرۆڤ و مەیلی ڕوونکردنەوەی ڕووداوەکانو لێکدانەوەی بوونو پرسی دەربارەی ڕەچەڵەكو مەبەستی (بوون)ی تێدایە. وێڕای ئەوە لە ڕابردوو و ئێستایشدا ئەفسانە ئەو نێوەندەیە کە مرۆڤ تێیدا ڕووبەڕووی گرفتە مەزنو هەمیشەییەکانی وەك مردنو چارەنووسو خراپەو ڕەچەڵەکی شتەکانو مەبەستو ماناکەیان بووەتەوە. لەبەر ئەوە بیرکرنەوەی میسۆلۆژی هەمیشە هێزێکی شارستانیی خولقێنەر پێکدەهێنێت کە بیری ئایینیو تێرامانی فەلسەفیو دەربڕینی هونەری بەردەوام ئاوی لێهەڵدەگۆزن. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوە دەقێك دەهێنمەوە، فەیلەسووفی ئەڵمانی (ئێرنست کاسیرەر) نووسیوویەتی، کە یەکێکە لەو پێشڕەوانەی لە سروشتی ئەفسانەیان کۆڵیوەتەوەو پەیوەندییە جەوهەرییەکەی ئەفسانەیان بە ڕوخسارەکانی تری چالاکییە ئەقڵیو ڕۆحیو هونەرییەکانی مرۆڤەوە ڕۆشنکردووەتەوە. کاسیرەر لە دیاریکردنی جیهانی ئەفسانەدا، کە بریتییە لەو جیهانەی من لەم باسەدا خۆم تێخزاندووە، ئەمەی خوارەوە دەڵێت:

(جیهانی ئەفسانە جیهانێکی درامییە- جیهانی کردەو تواناو هێزە ململانێکارەکانە، ئەفسانە ئەم پێکدادانە لە هەر دیاردەیەك لە دیاردە سروشتییەکاندا لە نێوان ئەو هێزانەدا دەبینێت. دەرکپێکردنی ئەفسانەیی هەمیشە پڕە لەم خەسڵەتە عاتفییانە، هەر شتێك دەبینرێت یان هەستی پێدەکرێت کەشێکی تایبەتی دەورەی داوە- کەشێکی خۆشی یان خەفەت یان ئەشکەنجە یان هەڵچوونو مژدەدەرو خەماوی. لە حاڵەتی ئەفسانەدا ناتوانین دەربارەی (شتەکان) بدوێین بەو پێیەی کەرەستەی مردوو یان خامۆشن، هەموو شتێك چاکەیە یان خراپە، هاوڕێیە یان دوژمن، ناسراوە یان نامۆ، سەرنجراکێشێکی ئازیزە یان ڕەزاتاڵێکی هەڕەشەکار)(٦).

بە جەختکردن لەسەر ئەوەی کەوا قسەکردنم دەربارەی خواو ئیبلیسو جنۆکەو فریشتەکانو بوونەوەرە باڵاکان هەرگیزاو هەرگیز ناچارم ناکەن بەوەی بڵێم ئەو ناوانە ئاماژە بۆ ناولێنراوی ڕاستەقینەی هەبوو، بەڵام نەبینراو دەکەن، کۆتایی بەم بەشە بەراییەی لێکۆڵینەوەکەم دەهێنم. بە هەرحاڵ پێکهاتەی زمان ئەوەم لێدەخوازێت بە شێوازێکی دیاریکراو بنووسمو قسەبکەم کە لە ڕووکەشدا هێمای ئەوە دەدەن وەك ئەوەی ئەو کەسایەتییانەی ناویان دەبەم بە کردەوە هەن، بەڵام پێویستە ئەم وەهمە زمانەوانییە فریومان نەدات، جا ئەگەر بۆ نموونە دەربارەی هاملێت دەنووسم با کەسێکتان باوەڕ نەکات بەوەی کە لە دەرەوەی سنووری ئەو کەلەپوورە ئەدەبییەی شکسپیر بۆی بەجێهێشتووین، ئەو ناوە ناولێنراوێکی هەبێت. هەروەها کاتێك دەڵێین (هاملێت مامی خۆی کوشت) ئەوە باوەڕمان نییە ڕووداوێکی لەو چەشنە بە کردەوە لە مێژووی دانیمارکدا ڕووی دابێت. هەروەها کاتێك دەڵێین (خوا ئیبلیسی لە بەهەشت دەرکرد) پێویستە گومان نەکەین کە ئەم ڕووداوە لە مێژووی ئەم گەردوونەدا ڕووی دابێت، چونکە ناوەڕۆكو مانای ئەم قسەیە لەوەدایە کە ڕەمزێکە، نەك لەوەدابێت کەوا وەسفی ڕووداوگەلێك بێت بەکردەوە ڕوویان دابێت.

(٢)

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو سەرچاوانەی وتمان لەم لێکۆڵینەوەی چیرۆکی ئیبلیسدا متمانەیان دەکەینەسەر، دەبینین سەرگروشتەکەی بە وەسفکردنی پلەوپایە شکۆدارەکەی لە سیستەمی بوونەوەرە باڵاکانداو بە خستنەڕووی ئەو پایە بەرزەی پێش دەرکردنی لە بەهەشتدا لە نێو فریشتەکاندا هەیبووە، دەستپێدەکات. ئیمام عزالدین المقدسی لە کتێبەکەیدا (تفلیس أبلیس- مایەپووچبوونی ئیبلیس) ڕوودەکاتە شەیتانو دەڵێت:

(تۆ کە خوا بە دەستی توانای خۆی خولقاندیتی، شاکاری ئیشەکانی خۆی نیشان دایت، بۆ مەجلیسی نزیکەکانی خۆی بانگیکردیت، بەرگی تاکخواییەکەی لەبەر پۆشیتو تاجی پەرستنو ستایشەکەی لە سەر

کردیتو وای لێکردی لە دەڤەری فریشتەکاندا هاتوچۆبکەیت. رووناکییان لە تیشکەکەت وەردەگرت، بە ئامادەبوونت شاددەبوون، لە زانیارییەکانت فێردەبوون، چاویان لە کردەوەکانت دەکرد، هەتاوەکو لە مەجلیسی بوونەوەرە باڵاکاندا بوویت، جامی پڕو بەچێژت دەنۆشی، گوتاری شیرینت دەبیست، رۆژگارێکی درێژ مامۆستای فریشتەکانو پێشەوای دەستوپێوەندەکان بوویت)(٧).

پاشان ئایەتە قورئانییەکان بۆمان باسدەکەن چی لە ئیبلیس رووی داو چۆن لە خوای خۆی یاخیبووەو ئەویش تاوەکو رۆژی دوایی نەفرەتی لێکرد و لە بەهەشتی دەرکرد:

(کاتێك خوا بە فریشتەکانی وت جێگرێکم لەسەر زەوی دروستکردووە، وتیان ئەرێ شتێکی تێدا دروستدەکەیت بەدکاری تێدا بکاتو خوێن برێژێت کەچی ئێمەیش ستایشتدەکەینو دەتپەرستین، وتی ئەوەی من دەیزانم، ئێوە نایزانن.

هەموو ناوەکانی فێری ئادەم کرد، پاشان شتەکانی خستە بەردەم فریشتەکانو وتی ئەگەر راستگۆن ناوی ئەوانەم پێ بڵێن.

وتیان ستایش بۆ تۆ ئێمە هیچ شتێك نازانین بێجگە لەوانەی تۆی زانای دانا فێرت کردووین. وتی ئەی ئادەم ناوەکانیان پێ بڵێ، کاتێك ناوەکانی پێ وتن، وتی: پێم نەوتن من غەیبی ئاسمانو ڕێسمان دەزانمو دەزانم چی دەڵێنو چیتان شاردووەتەوە. کاتێك بە فریشتەکانمان وت کڕنووش بۆ ئادەم بەرن هەموویان کڕنووشیان برد، بێجگە لە ئیبلیس یاخیو نارازی بوو، بەوەیش بوو بە یەکێك لە کافران). (البقره ٣٠ ــ ٣٤)

(...کاتێك خوا بە فریشتەکانی وت من مرۆڤ لە قوڕی سوورکراوە دەخولقێنم، جا ئەگەر تەواوم کردو لە رۆحی خۆم فووم پێدا کرد کڕنووشی بۆ بەرن، سەرجەمی فریشتەکان کڕنووشیان برد، بێجگە لە ئیبلیس رازی نەبوو لەگەڵ کڕنووشبەراندا بێت، وتی ئەی ئیبلیس چیتە بۆ لەگەڵ کڕنووشبەراندا نیت، وتی کڕنووش بۆ مرۆڤێك نابەم لە قوڕی سوورکراوە خولقاندووتە، وتی کەواتە لە بەهەشت بڕۆ دەرەوە، تۆ رەجمکراویتو تاوەکو رۆژی دوایی نەفرەتت لێبێت، وتی خوایە چاوەڕێم بکە تاوەکو ئەو رۆژەی زیندوودەبنەوە، وتی بەڵکو خۆت یەکێك لەوانەی کە چاوەڕوانی ئەو کاتە دیاریکراوەن، وتی خوایە بەو شتانەی فریوت دام زەوییان بۆ دەڕازێنمەوە، بێجگە لە بەندە دڵسۆزەکانت، هەموویان فریو دەدەم). (الحجر ٢٨ ــ ٤١).

(ئێوەمان خولقاند، پاشان وێنەمان کێشان، ئینجا بە فریشتەکانمان وت کڕنووش بۆ ئادەم بەرن، هەموویان کڕنووشیان برد، ئیبلیس نەبێت لە کڕنووشبەران نەبوو. وتی کە فرمانم پێدایت چی رێگەی نەدایت کڕنووش بەریت، وتی من لەو باشترم منت لە ئاگر خولقاندووەو ئەوت لە قوڕ خولقاندووە. وتی دەبڕۆ خوارەوە، بۆت نییە لە بەهەشتدا خۆت بە زل بزانیت، دەبڕۆ دەرەوە تۆ لە هیچوپوچەکانیت، وتی چاوەڕێم بکە تا ئەو رۆژەی زیندوودەبنەوە. وتی خۆت لە چاوەڕوانکەرانی، وتی بەوانەی فریوت داوم لەسەر رێگە راستەکەت بۆیان دادەنیشم. ئینجا لە ناو دەستیانەوەو لە پشتیانەوەو لە ناو باوەڕیانەوەو لە نێو مەجلیسەکانیانەوە بۆیان دەچمو دەبینیت زۆربەیشیان سوپاسگوزار نین. وتی بە تانەلێدراوی بڕۆ دەرەوەو ئەوانەیش شوێنت دەکەون لە بەزەیی بێبەشنو سوێند بێت دۆزەخ لە هەمووتان پڕبکەم). (ئەعراف ١٠ ــ ١٧).

چیرۆکی ئیبلیس، وەك لەو ئایەتانەدا هاتووە، لە رووکەشیدا ساکارە، خوا فرمانی پێدا کڕنووش بۆ ئادەم بەرێت، ئەویش رەفزی کرد کڕنووش بەرێت، ئیتر ئەوە روویدا کە رووی دا، بەڵام ئەگەر بمانەوێت لەم تێڕوانینە رووکەشییەی گرفتەکەی ئیبلیس لابدەین، ئەوا دەگەڕێینەوە بۆ بیرۆکەیەکی گرنگ کە هەندێك لە زانایانی موسڵمانان باسیان لێوەکردووە ئەویش جیاکردنەوەی نێوان فرمانی خودایی (الامر الالهی)و نێوان ویست یان ئیرادەی خوداییە (المشیئه أو الاراده الالهیه)، فرمان بە هەرحاڵ یان گوێڕایەڵی دەکرێتو جێبەجێ دەکرێت یان لە فرمانەکە دەردەچێت، فرمانپێکراویش لەوەدا سەرپشکە. بەڵام ویستی خودایی ئەو چەشنە پێودانگەی

بەسەردا پیادەناکرێت، چونکە لە سروشتی خۆیدا گەڕاندنەوەی نییەو ویستی خودایی بە هەر شتێکەوە بەند بێت بەزەرووری دەبێت بکرێت. خوا بوونی زۆر شتی ویستووە، بەڵام فرمانی بە بەندەکانی داوە لێی دوور بکەونەوە، هەروەها فرمانی هەندێك شتی پێداون، بەڵام ویستوویەتی شتی تر بهێننەدی(٨). لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین خوا فرمانی کڕنووشبردن بۆ ئادەمی بە ئیبلیس داوە، بەڵام ویستوویەتی فرمانەکەی بشکێنرێتو ئەگەر خوا بیویستایە ئیبلیس کڕنووشبەرێت یەکسەر کڕنووشی دەبرد، چونکە هیچ بەندەیەك نە هێز نە توانای لە گەڕاندنەوەی ویستی خوداییدا نییە. ئەگەر لەم گۆشەیەوە سەیری مەسەلەکان بکەین، دەتوانین فرمانپێدانو نەهیکردن بە شتی کتوپڕیو بڕگەیی دابنێین ئەگەر بە هەتاهەتایی ویستی خوداییو لەمێژینەیی زاتی خودایی بەراورد بکرێن.

کاتێك چاو بەو ئایەتە قورئانییانەی لە لاپەڕەکانی پێشوودا تۆمارم کردن بخشێنینەوە، بۆمان دەردەکەوێت خوا ویستوویەتی فریشتەکان (ستایشی بەخشندەییەکەی بکەنو بیپەرستن)، تەبەری لە تەفسیرە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت (ستایشو پەرستن) بریتین لە بە تەنیا دانانی خواو پاکژیو بێبەریکردنی لەو شتانەی ئەهلی شەرك دەیدەنەپاڵی(٩). بە دەربڕینێکی تر بە تەنیا دانانی خوا ئەرکی یەکەمو ڕەهای فریشتەکانە بەرانبەر خولقێنەرەکەیانو لەبەر ئەوەیش دەیانبینین بە هەموو پێکهاتەو بوونیانەوە سەرقاڵی جێبەجێکردنین، بەڵام ئەرکە سەپێنراوەکانی تری سەر بوونەوەرە باڵاکان بە بڕگەییو سانەوی دادەنرێن بە لایەن ئەو ئەرکە ڕەهایەی لە خودی ویستی خوداییەوە هەڵدەقوڵێت.

پاش ئەوەی جیاوازیی نێوان ئەرکی ڕەهای بەرانبەر خوداو نێوان ئەرکە جوزئییەکانی ملکەچبوون بۆ فرمانەکانی خوامان ڕۆشنکردەوە، دەتوانین ئەم مەسەلانەی خوارەوە لە سەرپێچیکردنی ئیبلیسدا جیا بکەینەوە:

١) بێگومان ئیبلیس سەرپێچیی فرمانی خودایی کرد، کاتێك کڕنووشبردنی بۆ ئادەم ڕەتکردەوە، بەڵام لەگەڵ ویستە خوداییەکەو لەگەڵ ئەرکی ڕەهای بەرانبەر بە خوای خۆیدا بە تەواوی تەبا بوو.

٢) ئەگەر ئیبلیس کڕنووشی بۆ ئادەم ببردایە، ئەوا لە هەقیقەتی تاکخوایی دەردەچوو و سەرپێچیی ئەرکە ڕەهاکەی بەرانبەر پەرستگارەکەی دەکرد. خوا ویستی فریشتەکان کڕنووشی بۆ بەرنو ستایشی ناوەکەی بکەن، لەبەر ئەوە کڕنووشبردن بۆ ئادەم کەوتنە نێو ئەو داوە بوو، کە هاوتاسازان (أهل الشرك) دەیدەنە پاڵ زاتی تاكو تەنیا کە ئەو لێی بێبەرییە، لەبەر ئەوە هەرگیز نابێت کڕنووش بۆ غەیری خودا ببرێت، چونکە ئەوە هاوتاسازکردنە بۆ خودا. لە ڕاستیدا هەڵبژاردنەکەی ئیبلیس پرسیارێکی زۆر گرنگ دەوروژێنێت: ئایا خواپەرستیی ڕاستەقینە لە گوێڕایەڵیکردنی فرمان یان لە ملکەچبوونی ویست دایە؟ ئایا ڕێگەی ڕاست لە گوێڕایەڵیکردنی ئەرکی ڕەهادا یان لە ئەرکە جوزئییە پەرستنکارییەکان دایە؟ ئەگەر وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئاسانو ڕۆشن بووایە تراژیدیا لە ژیانی مرۆڤدا نەدەبوو، ئیبلیسیش خۆی لەم نەهامەتییەدا نەدەبینییەوەو نەدەکەوتە نێوان چڕنووکی فرمانو ویستەوە. کەواتە ئەوەمان دەستگیردەبێت کەوا هەڵوێستەکەی ئیبلیس لە سازگارترین ماناو خاوێنترین بەرجەستەبوونیدا جەختکردنی ڕەهای تاکخوایی دەنوێنێتو هەروەك ئەوەی زمانحاڵی ئیبلیس دەڵێت: (تەوێڵێك کڕنووشی بۆ تاکەخوا بردبێت، لە بووندا بۆ کەس زەلیل نابێت)(١٠).
حەلاجی شەهیدی سۆفیزم لە (كتاب الطواسين)دا ئەم ڕاستییەی بەم وشانەی خوارەوە دەربڕیوە:

(موسا و ئیبلیس لەسەر چیای تور (الگور) بەیەکتر گەیشتن {زۆرجار لە بابەتە ئیسلامییەکاندا ناوی چیا یان شاخی تور دەبرێت، بەڵام لە جوگرافیای زەمیندا جێیەك یان چیایەك نییە ناوی تور بێت، خودی وشەکەیش وشەیەکی عەرەبی نییە، بەڵکو وشەیەکی عیبرییە (زمانی جوولەکە) واتە چیا یان شاخ- وەرگێڕ} پێی وت (ئەی ئیبلیس! چی وای لێکردیت کرنووش نەبەیت؟) وتی (بانگەشەی یەك پەرستگاری نەیهێشت، ئەگەر کڕنووشم

ببردایە وەك تۆ دەبووم، تۆ یەکجار بانگکرایت (سەیری چیاکە بکە)، تۆیش سەیرت کرد، منیش هەزارجار بانگ کرام کڕنووش بەرم، کڕنووشم نەبرد، چونکە بانگەشەی ماناکەی خۆم دەکەم)(١١).

٣) ئیبلیس بەشێوەیەکی لۆژیکی ڕۆشن ڕەتکردنەوەی کڕنووشبردن بۆ ئادەمی پاساوکردەوە، وتی: (من لەو چاکترم، منت لە ئاگرو ئەوت لە قوڕ خولقاندووە). وێڕای ئەوەیش ئەو ئایەتە قورئانییانەی ئاماژەم پێکردن پاساوێکی شاراوەی ڕەتکردنەوەکەی ئیبلیسی تێدایە، ئەویش بریتییە لە زانیارییە پێشوەختییەکەی بەوەی ئادەمو نەوەکانی بەدکاری لە زەویدا بڵاودەکەنەوەو خوێن دەڕێژنو ئەوەیش هەستی گشت فریشتەکان بوو کاتێك بە خوایان وت: (ئەرێ کەسێکی تێدا دەخولقێنیت بەدکاریی تێدا بکاتو خوێن بڕێژێتو ئێمەیش ستایشی بەخشندەییت دەکەینو دەتپەرستین) واتە فریشتەکان، بە ئیبلیسیشەوە، دەیانزانی ئادەمو نەوەکانی چ تاوانگەلێکی گەورەو یاخیبوونێك دەکەن بۆیە نارازی بوونو خوایان لەوە بە گەورەتر دەزانی کەسێك بخولقێنێت لێی یاخی ببێتو خوێن بڕێژێت.

کاتێك لە یەکەم بەڵگەی ئیبلیس ورد دەبینەوە کە لە بەراوردکردنی جەوهەری خۆی (ئاگر)و نێوان جەوهەری ئادەم (قوڕ) پێکدێت، دەبینین ئەوە خۆبەزلزانینو شانازی نەبوو هێندەی ئەوەی وەبیرهێنانەوەی ڕاستییەکی بنچینەیی بوو کە خوا ویستوویەتیو بەو شێوەیە هێناویەتە دی. ئەو ڕاستییەش ئەوەیە کە خوا بوونەوەرەکانی لەسەر یەك پلەی شکۆداریو کامڵی دروست نەکردووە، بەڵکو جیاوازیی لە نێوانیاندا کردووە، نەك هەر تەنیا لە لایەنی خەسڵەتە سروشتیو ماتریالییەکانەوە، بەڵکو لە لایەنی پلەکانی کامڵیو شکۆداریشیانەوە. بە گوێرەی ئەوە دەتوانین بوونەوەرەکانو جۆرەکان لە سیستەمێکی خەملاندنی دیاریکراودا پۆلێنبکەین، کە لە خودی کەماڵی ڕەهاوە دەستپێدەکات، پاشان جۆرەکان هەر یەکە بە گوێرەی ئەو کامڵییەی خوا پێی بەخشیوە بەرەو خوار ڕیز دەکات، تاوەکو لە عەدەم نزیك دەبینەوە، بەو پێیەی ئەو سنوورەیە کە لە ئاستیدا ڕادەوەستین. بێگومان لەم ڕیزبەندییەدا ئاگر بە سروشتو جەوهەرەکەی پلەیەکی باڵاترو بەرزتری لە پلەی قوڕ هەیە. بە دەربڕینێکی تر بەراوردکردنەکەی ئیبلیس لە نێوان جەوهەری خۆیو جەوهەری ئادەمدا، دیدگایەکی فەلسەفیی دیاریکراوی سەبارەت بە سیستەمی گەردوونو ڕیزبەندیی سروشتەکان بە گوێرەی پلەکانی کامڵبوونیان تێدایە. لەبەر ئەوە ئیبلیس لەوەڵامەکەیدا لەسەر هەق بوو، چونکە خولقێنەر شتەکانی لەسەر پلەی جیاجیای کامڵیو شکۆیی دروستکردووەو فرمانی کڕنووشبردنیش بۆ ئادەم سەرپێچیکردنێکی ڕاشکاوی ئەو سیستەمەو دەرچوونە لەو ڕیزبەندییەی خوا خۆی ویستوویەتیو دروستیکردووە. جا ئەگەر جەوهەری ئیبلیس لە ڕیزبەندیی کامڵییەکاندا لە جەوهەری ئادەم بەرزتر بێت، ئەوکاتە ئاگر بەگرتنەبەری ئاراستەیەکی دژ بە سروشتەکەیو نەفیکەرەوەی ئەو پلەی کامڵییە نەبێت کە خوا پێی بەخشیوە ناتوانێت سەر بۆ قوڕ شۆڕبکاتو ئەم مەسەلەیش مەحاڵە تاوەکو گۆڕینێکی ڕیشەیی بەسەر ویستی خوداییدا نەیەت، کە ڕیزبەندیی بوونەکان وەك ئەوەی خوا لە سەرەتاوە دروستیکردوون بگۆڕێت. خوا فرمانی شتێکی بە ئیبلیس کرد، بەڵام ویستی شتێکی تر جێبەجێبکات، لەبەر ئەوە پاشتر دەبینین فرمانی کڕنووشبردن فرمانی ویست نەبوو، بەڵکو فرمانی بەلا تێوەگلاندن بوو. لەم بارەیەوە سەیرەکە لەوەدایە تێبینی دەکەین ئەو گۆڕانەی دوای لە بەهەشت دەرکردن بەسەر ئیبلیسدا هات قەرەی جەوهەرەکەی نەکەوت، بەڵکو بەسەر خەسڵەتو ڕەوشەکەیدا هاتو وێنەکەی دەشێوێنێتو دەبێتە نەفرەتلێکراوی بەردەبارانکراو. حەلاج بە شێوە تایبەتەکەی خۆی ئەم ڕاستییەی لەو دیالۆگەی نێوان موساو ئیبلیسدا، کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، دەربڕیوە کە تێیدا ئیبلیس بۆ موسای ڕووندەکاتەوە کەوا ئەو گۆڕانەی تووشی بووەو ئەو شێواندنەی بەسەریدا داباری تەنیا لە سیما ڕوکەشیو لەنێوچووەکاندا بووەو جەوهەرە هەمیشەییەکەیو زانیارییە چەسپیووەکانی دەربارەی یاساکانی ویستی خودایی نەگرتووەتەوە. موسا بە ئیبلیسی وت:

ـ (فرمانەکەت پشتگوێ خست).
ئیبلیس وەڵامی دایەوە: (ئەوە بەڵا تێوەگلاندن بوو نەك فرمان).
موسا پێی وت: (بێگومان وێنەکەتی گۆڕیوە).
ئیبلیس وەڵامی دایەوە: (موسا ئەمەیشو ئەوەیش رووکەشنو رەوشەکە متمانەی ناکرێتەسەر، چونکە ئەو دەیگۆڕێت. بەڵام زانیارییە راستەکان وەك خۆیاننو نەگۆڕاون، بەڵکو کەسەکە گۆڕاوە)(١٢).
بەڵام دووەم بەڵگە کە ئیبلیس رەتکردنەوەی کڕنووشبردن بۆ ئادەمی پێ پاساوکرد متمانە دەکاتە سەر زانینی فریشتەکان لەوەی کە ئادەمو نەوەکانی بەدکاری لە زەویدا دەکەنو خوێن دەرێژن، ئیدی چۆن کەسێکی نوقمی تاکخوایی‌و ستایشکردنو پەرستنو کەسێك کە ئیمامو گوتارخوێنی فریشتەکان بووە کڕنووش بۆ خولقاوێك دەبات کە بەدکاری لە زەویدا دەکاتو خوێن دەرێژێت؟ حەلاج ئەم لایەنەی بابەتەکە بەم قسەیەی روونەدەکاتەوە:
خوا بەئیبلیسی وت: کڕنووش نابەیت؟ هەی ریسوا! ئیبلیس وەڵامی دایەوە: عاشقمو عاشقیش ریسوایە! تۆ دەڵێیت (ریسوا) منیش کتێبی راستیم خوێندووەتەوە، ئەی خاوەن هێزی بەتوانا ئەوە بۆ من ناشێت، چۆن سەری بۆ شۆڕبکەم کە منت لە ئاگرو ئەوت لە قوڕ خولقاندووە، ئەو دووانەیش دژ بە یەکنو پێکەوە هەڵناکەن.. من لە خزمەتدا کۆنتر، لە چاکیدا مەزنتر، لە زانستدا شارەزاترو لە تەمەنیشدا گونجاوترم)(١٣).
کەواتە لەمەوە بۆمان پوختەدەبێت کە چیرۆکی ئیبلیس وەك ئەوەی لەو ئایەتە قورئانییانەی ئاماژەمان پێدان هاتووە، بەو ساکارییە نییە کە بە خەیاڵماندا دەهات، چیرۆکی ململانێی نێوان چاکەو خراپەو راستی‌و ناراستی نییە. ئیبلیس کەوتبووە نێوان دوو دەمی دەستارەوە، دەستاری ویست لە لایەکو دەستاری فرمان لە لایەکی ترەوەو پێویستبوو لەسەری هەڵبژاردنێکی چارەنووسساز لە نێوان ئەرکە رەهاکەی لە پەرستنو تاکخوایی‌و ستایشکردنداو لە نێوان ئەرکە جوزئییەکانی پەرستنکاریدا کە خوا فرمانی پێداوە بکات، لەمەیشەوە نەهامەتییەکەی لێوالێوی رەگەزە درامی‌و تراژیدییەکان بوو.
پێش ئەوەی لە پوختەکردنی ئەنجامەکانی ئەم وێناکردنەی نەهامەتییەکەی ئیبلیسدا بەردەوام ببم، خۆم بە ناچار دەبینم وەڵامی ئەو بانگەشەیە بدەمەوە کە (العقاد) لە کتێبی (ابلیس)دا باسیدەکات. بانگەشەکەی عەقاد بریتییە لە هەوڵێك بۆ داکۆکیکردن لە تێروانینە تەقلیدییە رووکەشییەکەی کەسایەتی ئیبلیس، دانانی بە تەنیا بوونەوەرێك کە سەرپێچیی فرمانی خوای کردووەو ئەویش لە بەهەشت دەریکردووە. لەبەر ئەوە عەقاد دانانن بە نەهامەتییەکەی ئیبلیسدا رەتدەکاتەوەو دەڵێت پێویستبوو کڕنووش بۆ ئادەم بەرێت. لە تاوتوێکردنی ئەم بۆچوونەدا دەبینین متمانە دەکاتە سەر دوو بەڵگە:
١- پێویست بوو لەسەر فریشتەکان کڕنووش بۆ ئادەم بەرن، چونکە ئەم لەوان باشترەو توانای کردنی کاری چاکەو خراپەی هەیە، بەڵام فریشتەکان تەنیا دەتوانن کاری چاکە بکەنو دوورن لە فریوخواردن بۆ خراپەکاری‌و خەسڵەتی ئەوان نییە(١٤).
٢- هەقانیەتی کڕنووشبردن بۆ ئادەم، چونکە خوا هەموو ناوەکانی فێرکردو فریشتەکانی فێرنەکردبوو، ئەوەیش کردی بە پلە باڵاتر لەوان(١٥). بەشێوەیەکی سەربەخۆ وەڵامی هەریەك لەو دوو بەڵگەیە دەدەمەوە.
پێموایە بانگەوازەکەی عەقاد کە دەڵێت ئادەم لە فریشتەکان باشترە، چونکە کاری چاکەو خراپەی لێدەوەشێتەوە لە کاتێکدا فریشتەکان دوورن لە فریوخواردن بۆ خراپەکاری، بانگەوازێکە لە بنچینەوە پوچەڵە لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:
ئەلف- چیرۆکەکەی ئیبلیس دەیسەلمێنێت تەنانەت فریشتە بەرێزەکانو هەرە نزیکەکانیشیان لە فریوخواردن بۆ خراپەکاری دوور نین ئەگینا ئیبلیس سەرپێچیی خوای خۆی نەدەکردو نەدەگەیشتە خراپترین

چارەنووس. کەواتە بۆمان دەردەکەوێت فریشتەکانیش کاری چاکەو خراپەیان لێدەوەشێتەوەو ئەوانیش وەك مرۆڤ، خوازیاری خێرو بەرەکەتنو خراپەکاریشیان تێدا تاقی بووەتەوە، ئەوەیش چاکەی ئادەم بەسەر فریشتەکاندا نەفیدەکاتەوەو لەمەیشەوە زەرورەتی کڕنووشبردن بۆ ئادەم هەڵدەوەشێنێتەوە.

بێ- ئەگەر هەر بۆ دیالۆگ لەگەڵ عەقاددا گریمانەی ئەوەمان کرد کەوا فریشتەکان چاکەو خراپەیان لێناوەشێتەوە، بەڵکو هەمیشە بەسروشتو جەوهەری خۆیان چاکە دەکەن، ئایا ئەوە مانای ئەوەیە ئادەم لەوان باشترە؟ با پرسیارەکە بە دارشتنێکی گشتیترو فراوانتر بکەین: کامیان باشترە، ئەو بوونەوەرانەی هەندێکجار چاکە دەکەنو هەندێکجاری تر خراپە دەکەنو بەدکاری لە زەویدا دەکەنو خوێن دەرێژن یان ئەو بوونەوەرانەی بە شێوەیەکی بەردەوامو هەمیشەیی تەنیا چاکە دەکەن؟ پێموایە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە ئێجگار ڕۆشنەو چەندوچوونی زیاتری ناوێت بە بەڵگەی ئەوەی تەسەوری مۆراڵیمان بۆ ئیرادەی چاکەخواز لە باڵاترین پلەیدا دەڵێت ئەو ئیرادەیەیە کە بەردەوامو بێ هیچماندووبوونێك چاکەدەکات، چونکە چاکەکردن بووەتە جەوهەرو ناوەخنەکەی، بەڵام ئیرادەی لەنگ (ناتەواو) هێشتا ململانێ دەکاتو هەوڵ بۆ زاڵبوون بەسەر فریوخواردن بۆ خراپەکاریدا دەدات، بەوەیش لە هەوڵ دایە بۆ نزیکبوونەوە لە ئیرادەی چاکەخوازی، بەوپێیەی ئەلگۆ بەرزەکەیەتی. ئەگەر فریشتەکان، بە گوێرەی بانگەشەکەی عەقاد، لە فریوخواردن بۆ خراپەکاری دوور بن، ئەوە بێگومان خوا ئیرادەیەکی چاکەخوازیی پێبەخشیوون کە وایان لێدەکات چەندەها پلە لە سەروو ئادەمو نەوەکانییەوە ڕەسەنترو باڵاتر بن. کاتێك خوا بە فریشتەکانی وت: (جێگرێك لە زەویدا دەخولقێنم) فریشتەکان دژو نارازی بە کارەکە بوون بە بەڵگەی وەڵامەکەیان (ئەرێ کەسێك دەخولقێنیت بەدکاریی تێدا بکاتو خوێن بڕێژێت). ئایا عەقاد دەیەوێت توانای ئادەم لە بەدکاریکردنو خوێنڕشتندا بکات بە سەرچاوەی پلە بەرزی ئادەم بەسەر فریشتەکاندا؟

ئێستایش دەچینە سەر وەڵامدانەوەی بەڵگەی دووەمی عەقاد کە دەڵێت کڕنووشبردنی فریشتەکان بۆ ئادەم ئەرکێکی هەق بوو، چونکە خوا هەموو ناوەکانی فێری ئادەم کردووەو فریشتەکانی فێرنەکردووە. پێشتر روونمان کردەوە پلە بەرزیی ئیبلیس بەسەر ئادەمدا لە سروشتو جەوهەرەوەیەو نەك پلە بەرزییەك بێت لە ڕەوشە رووکەشییە لەنێوچووەکاندا وەك ئەوەی ئادەم دەستیکەوت کە کاتێك خوا هەموو ناوەکانی فێر کرد. بە دەربڕینێکی تر زانینی هەموو ناوەکان لەلایەن ئادەمەوە خەسڵەتێك لە خەسڵەتە جەوهەرییە جیاکارییەکانی نییەو بێگومان فریشتەکانیش دەیانتوانی فێری هەموو ناوەکان ببوونایە ئەگەر خوا ئەوەی بوویستایە. کەواتە دەبینین زانینی هەموو ناوەکان لای ئادەم زانینێکی کتوپڕ بوو کە خوا بە ئادەمی بەخشی تاوەکو فریشتەکان بۆ کڕنووشبردن فریوبدات.

لەوانەوە بۆمان پوختە دەبێت کە:

١-ئادەم هیچ فەزڵێکی بەسەر فریشتەکاندا نییە، لەوانەیش ئیبلیس، نە لە لایەنی توانای کردنی چاکەو خراپەوەو نە لە لایەنی زانینی هەموو ناوەکانەوە.

٢-جەوهەری ئیبلیس لە جەوهەری ئادەم باشترو ڕەسەنترە، چونکە خوا لە ئاگر خولقاندوویەتیو ئادەمی لە قوڕ خولقاندووەو خوا خۆیشی ویستوویەتی قوڕ وەك ئاگر ڕەسەن نەبێت.

٣-ئەوەی عەقاد دەڵێت پێویست بوو ئیبلیس کڕنووش بۆ ئادەم بەرێت، چونکە لە فریشتەکان باشترە، بانگەوازێکی هیچوپووچو کەنارخراوە.

ئێستا با بگەڕێینەوە سەر نەهامەتییەکەی ئیبلیس کە زادەی ناکۆکیی نێوان فرمان‌و ویستە. حەلاج بە چڕوپڕییەکی شاکارانە گوزارشتی لە نەهامەتییەکەی ئیبلیس کردووە، دەڵێت:

(کاتێك بە ئیبلیس وترا (کڕنووش بۆ ئادەم ببە!) بە هەقی وت: (ئاخۆ دەبێت شەرەفی کڕنووشبردن، بێجگە لە کڕنووشبردن بۆ تۆ، لە خۆم بکەمەوە تاوەکو کڕنووش بۆ ئەو بەرم؟ ئەگەر فرمانی ئەوەیشم پێبدەیت، ئەوە هەر خۆیشت ڕێم لێدەگریت)(١٦).

ئیمام مەقدەسی بەم وشانەی خوارەوە سروشتی ناکۆکی نێوان فرمان‌و ئیرادەی خودایی دیاریکردووە:

(من بە چاوی یەقینەوە سەیری بازنەی چەرمەسەری‌و ئاسوودەییم کرد: بینیم لەسەر هێڵی فرمان‌و چەقەکانی ئیرادە دەخولێتەوە، وردییەك لەنێوانیاندایە لە ساغکردنەوە دوورەو دەربەندێکە ڕێبوار هاوڕێیەکی بە ئاکام گەیشتنی تێدا چنگ ناکەوێت. فرماندەر بەخشیش دەدات‌و ئیرادەیش تاڵانی دەکات، ئەوەی فرماندەر بەخشیوویەتی ئیرادە تاڵانی کردووە. فرمان دەڵێت بیکەو ئیرادە دەڵێت مەیکە)(١٧).

لەوە دەچێت ئیمام مەقدەسی دەرکێکی زۆری بە بایەخی ئەو ڕەگەزە درامی‌و تراژیدییانە کردبێت کە لە نەهامەتییەکەی ئیبلیسدا هەن. لەبەر ئەوە دەبینین پێ لەسەر ئەو ڕەگەزی ناکۆکییەی ئیبلیس گیرۆدەی بووەو لەسەر دەستەپاچەییەکەی لەوەی دەروازەیەکی شایستە بۆ خۆی بدۆزێتەوە دادەگرێت، ئەوەیش وایکرد ئەو هەڵبژاردنەی پێویست بوو بیکات هەڵبژاردنێکی چارەنووسساز بێت کە چەرمەسەرییە هەمیشەییەکەی یان ئاسوودەییە هەمیشەییەکەی لەسەری بەندە، جا ئیتر یان ملکەچدەبێت بۆ داخوازییەکانی ویست‌و لەگەڵ ئەرکە ڕەهاکەیدا تەبا دێتەوەو لە کۆتاییدا ئاسوودەدەبێت، یان بەرەو گوێڕایەڵیکردنی فرمان‌و ملکەچبوون بۆ ئەرکە جوزئییەکانی پەرستنکاری هەڵدەخلیسکێت‌و لە تاقیکردنەوەکەدا شکستدەهێنێت‌و هەتاهەتایە تووشی دەردەسەری دەبێت. واتە فرمانی کڕنووشبردن بوون‌و ژیان‌و ئاسوودەییە هەمیشەییەکەی ئیبلیسی خستووەتە تەرازووەوە، چونکە (فرماندەر بەخشیش دەدات‌و ئیرادەیش تاڵانی دەکات) و (فرماندەر دەڵێت بیکەو ئیرادە دەڵێت مەیکە). وێڕای ئەوەیش ئەو بڕگەیەی لە کتێبەکەی ئیمام مەقدەسییەوە ئاماژەمان پێدا ڕوونیدەکاتەوە ئەوانەی دەکەونە ئەو چەشنە نەهامەتییەوە ڕێگەی خۆیان بە ڕۆشنی نابینن‌و بواریان نادرێت بە ئاسانی هەڵبژاردنی ڕاست‌و هەڵبژاردنی بۆگەن لێکتر جیابکەنەوە، چونکە (وردییەك لە نێوانیاندایە لە ساغکردنەوە دوورە). هەروەها ئەوانەی گیرۆدەی ئەو چەشنە تەنگژە دەبنەوە خۆیان لە تەنیاییەکی تەواودا دەبیننەوە کە نە ئامۆژگاریی هاوڕێیەك‌و نە یارمەتیی برادەرێك بە کەڵکیان دێت، پێویستە خۆیان بە تەنیا ئیختیاربکەن‌و ئەنجامی هەڵبژاردنەکەیشیان بخەنە ئەستۆ، چونکە ئەو ڕێگەیەی لە چارەیان نووسراوە بیبڕن، بەگوێرەی قسەکەی ئیمام مەقدەسی (دەربەندێکە ڕێبوار هاوڕێیەکی بە ئاکام گەیشتنی تێدا چنگ ناکەوێت).

لە لاپەڕەکانی داهاتوودا هەوڵدەدەم ڕەگەزەکانی تراژیدیا لە نەهامەتییەکەی ئیبلیسدا دیاری بکەم‌و هێندەی بابەتەکە بواربدات بە وردی‌و ڕۆشنی دیارترین لایەنەکانی دەربخەم. لەبەر ئەوە متمانە دەکەمە سەر دوو سەرچاوەی سەرەکی: شانۆی سۆفۆکلیس لە کەلەپووری ئەدەبی یۆنانیی خۆرئاوایی‌و چیرۆکی پەیامنێر ئیبراهیم لە کەلەپووری ئایینی سامی. پێویستیشم نییە بەوەی درێژدادڕی بکەم بۆ ئەوەی چیرۆکی ئیبراهیم بهێنمەوە یادتان. فرمان بە ئیبراهیم درا ئیسحاق (یان ئیسماعیل)ی کوڕی سەر ببڕێت‌و کاتێکیش ویستی ئەوە بکات خوا بە (قوربانییەکی گەورە) لەو کارەی بەخشی(١٨). لێرەدا کەمێك دەوەستم تاوەکو ئاماژە بە لێکۆڵینەوە بەناوبانگەکەی کیرکجۆرد دەربارەی چیرۆکی ئیبراهیم لە کتێبەکەیدا (ترس و مووچڕك) بکەم، تاوەکو ڕوونی بکەمەوە کەوا لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەمدا متمانەم کردووەتە سەر هێڵە درشتەکانی لێکدانەوەکەی لە ئەزموونی ئیبراهیم. بەڵام ئەمە ڕێگە لە بوونی هەندێك جیاوازیی بنچینەیی نێوان ئەو بۆچوونانەی لە بارەی ئەم

بابەتەوە ئاماژەیان پێدەکەمو نێوان دیدە تایبەتەکەی کیرکجۆرد لە بارەی کەسایەتی ئیبراهیمەوە ناگرێت.

گومانی تێدا نییە چیرۆکەکەی ئیبراهیم هەندێك وزەی پڕجۆشی تراژیدیو گەلێك لە بنەما سەرەکییەکانی تراژیدیای تێدایە، بەڵام لە هیچ حاڵەتێکدا مافی ئەوەمان نییە بە تراژیدیایەکی راستەقینەی دابنێین، چونکە بە ئاکامێکی ئاسوودەیی گەشبین کۆتایی دێت، کە هەموو لایەك پێی شادمان دەبن. ئەو هەستەی چیرۆکەکەی ئیبراهیم لە دەروونماندا بەجێیدەهێڵێت بەتەواویو لە رووی چۆنایەتییەوە جیاوازە لەو هەستەی، بۆ نموونە، چیرۆکی ئۆدیب پاشا لە دەروونماندا بەجێیدەهێڵێت(١٩).

گەلێك بنەما هەن نەهامەتییەکەی ئیبلیس دەکەن بە تراژیدیایەکی راستەقینە، کە یەك لە دوای یەك سەرنجیان بۆ رادەکێشم:

١) زۆربەیجار تراژیدیا لەسەروەختی تەنگژە گەورەکانو راچەکاندنە توندەکاندا روودەدات کە رەوشی زاڵ هەڵاوگێڕ دەکاتو پایەکانی سیستەمی باو ژێراوژوور دەکاتو بەها زاڵەکان دێنێتە لەرزە، ئیدی ئەوانەی بە ئەزموونەکەدا تێپەڕدەبن هەستدەکەن بوونی رابردوویانو شێوازە پێڕاهاتووەکەی بوونیان کەوتوونەتە ژێر پرسیارەوەو ئەو جیهانەی دەوری داون خەریکە بە خۆیو بنەما ماتریاڵیو رۆحی و مۆراڵییەکانییەوە هەرەسدەهێنێت. خوا (گەنجێکی بەئارامی)ی بە ئیبراهیم بەخشیو (کاتێك گەیشتە تەمەنی هەرزەکاری) پێی وت: (کوڕم خەونم دیووە سەرت دەبڕم..)، فرمان بە ئیبراهیم درا کوڕەکەی لە قوربانیی خوادا سەرببڕێت، ئەم فرمانە کێشو پێودانگەکانی هەڵگێڕایەوە، بەهاکانی قڵیشاند، رواڵەتەکانی ونکردو چارەنووسەکانی تێکدا، چونکە پێویست بوو باوکە بەخشندە بەسۆزەکە بە ناشرینترین کوشتنو بە پلانو تەگبیری پێشوەختەوەو بە هەموو بێدەنگیو ملکەچییەکەوە کوڕەکەی بکوژێت. ئیبلیسیش مامۆستای فریشتەکانو پێشەوای دەستوپێوەندەکان بوو، هەروەك ئیمام مەقدەسی دەڵێت، ئەندێشە ئارامو حاڵ باش، چاکەخوازێکی چالاك بوو، بەڵام کاتێك لە دیداری شاهیدەکاندا بوو خوا ئادەمی دروستکردو فرمانی پێدا کڕنووش بەرێت(٢٠)، بەوە سیستەمی بوونەوەرە باڵاکان لەرزیو جارێکی تر کێشو پێودانگەکان هەڵاوگێڕبوونەوە، چونکە پێویستە ئەو نێوچەوانەی کە بۆ تاكو تەنیا نەبێت کڕنووشی نەبردووە ئێستا کڕنووش بۆ مرۆڤ بەرێت، پێویستە مامۆستای تاکخوایی فریشتەکان، پەرستنو ستایشکردنی خوا پێشێل بکاتو پێویستە ئاگر سەر بۆ قوڕ شۆڕ بکات. بەڵام ئیبلیس کڕنووشبردنی رەتکردەوە، ئیدی تاوەکو رۆژی دوایی نەفرەتی لێکرا. بە دەربڕینێکی تر چیرۆکەکە پێشێلکردنەکەی ئیبلیسو دەرکردنەکەی دەخاتەروو لە کاتێکدا لە لوتکەی پایەبەرزیدا بوو، پاشان ئیبلیسمان لە زۆنگاوی نەهامەتیو دەردەسەریدا نیشان دەدات، بەتەواوی هەروەك چیرۆکە یۆنانییە کۆنەکە، کە ئۆدیب پاشامان لە لوتکەی پایەبەرزیو دەسەڵاتەکەیدا بۆ دەخاتەڕوو، پاشان بە کوێرەوەری لە تاریکستانەکانی بێئومێدیو ئەشکەنجەو ئازاردا نیشانمان دەداتەوە. هەردووکیان پاش ئەوەی دەخلیسکێنە نزمترین کەندی چەرمەسەرییەوە، دەربەدەرو شێوێندراو و قێزەون دەبنو هەموو ئەوانەی یارمەتیدەریان بوون دەبن بە بار بەسەریانەوە.

٢) ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ شانۆیی ئەنتیگۆنا دەبینین ئەو تراژیدیایەی تووشی کچە پاڵەوانەکەی بوو زادەی ناکۆکیی جەوهەری نێوان ئەو شتانەی (ئەنتیگۆنا) لەلایەکو ئەو شتانەی (کریۆن)ی پاشای تیبە لە لایەکی ترەوە نوێنەرییەتیی دەکەن. ئەنتیگۆنا بەرەهایی لەسەر ناشتنی تەرمی برا کوژراوەکەی سوور بوو ئیتر کارەکە هەرچییەکیشی بخواستایە، پاڵنەریشی بۆ ئەوە خۆشەویستییە مەزنەکەی براکەیو باوەڕە لە لەرزین نەهاتووەکەی بوو بە زەروورەتی جێبەجێکردنی ویستی ئاسمان کە ناشتنی مردووان پێویستدەکات. ئەنتیگۆنا بە (ئەسمینا)ی خوشکی دەڵێت:

(بەڵام من براکەم دەنێژم، جا ئەگەر ئەم ئەرکەم بەجێگەیاند چەند جوانە بمرمو ئەگەر مردیشم ئەوا من هاوڕێیەکم کە بە هاوڕێکەی خۆی گەیشتووەتەوە. ئەرکێکی دادپەروەرانەی پڕ لە خواپەرستی رادەپەڕێنم،

چونکە ئەو کاتەی لەگەڵ مردوواندا دەبم درێژترە لەو کاتەی لەگەڵ زیندوواندا دەبم، ئەوسا دەبمە هاودەمی هەتاهەتایی)(٢١).

لە لایەکی ترەوە دەبینین پادشای کریۆن سۆزێکی رەسەنو نیشتمانی هەبوو، کاتێك فرمانی سزادانی ئەو برایەی دا کە چەکی دژی شارەکەی خۆی کردبووە شانو لە بەردەم دەروازەکانیدا کوژرا. هەروەها راستگۆ بوو لە هەوڵیدا بۆ پیادەکردنی حوکمی یاساو گەڕاندنەوەی ئاسایش بۆ شاری تیبە کە پەشێویو ئاژاوەی تێکەوتبوو. لەبەر ئەوە پێویستبوو لەسەری بە ورەو توندوتیژبێتو سووربێت لەسەر جێبەجێکردنی تەواوی فرمانو رێنماییەکانیو بەهەموو وردەکارییەکانییەوەو هەرەشەی توندوتیژترین جۆرەکانی سزادان لەو کەسانە بکات کە بواری سەرپێچیکردنی ئاسایش بە خۆیان دەدەن. هەموو ئەو رێورەسمانە لە شارێکی وەك تیبەدا کە گیرۆدەی چەرمەسەرییەکانی جەنگو پەتاو ئاژاوە بووبێت، لەوکاتەدا کە کریۆن جڵەوی فەرمانڕەوایی گرتەدەست، کارێکی سروشتیو زەروورینو ئەنجامیش ئەو پێکدادانە ئەشکەنجەهێنە بوو لە نێوان خواستەکانی دەسەڵاتی کاتیو زەرووراتەکانی، کە لە کەسایەتی (کریۆن)دا بەرجەستە ببوونو نێوان خواستەکانی ئاسمانو فرمانەکانی خواکاندا بوو کە لە کەسایەتی ئەنتیگۆنادا بەرجەستە ببوون، هەموو لایەکیش مردنو بێئومێدیو تراژیدیایان چنییەوە. کاتێك کریۆن لە ئەنتیگۆنا دەپرسێت: (چۆن وێرات سەرپێچیی ئەم فرمانە بکەیت؟) وەڵامدەداتەوە:

(چونکە ئەو فرمانە نە لە (زیۆس)و نە لە (داد)ەوە، نە لە هیچ یەکێك لەو خوایانەی یاسا بۆ مرۆڤ دادەڕێژن دەرنەچووبوو... پێم وانییە کاروبارت هێندە بەهێز بووبێت وا بکات ئەو یاسایانەی لە پیاوێکەوە دەردەچن زێتر لەو یاسایانەی لە خوا نەمرەکانەوە دەردەچن شایستەی گوێڕایەڵیو ملکەچی بن، ئەو یاسایانەی نەنووسراونو هیچ رێگایەکی لەنێوبردنیشیان نییە...

کەواتە ئایا هەق نەبوو لەسەرم ملکەچیی فرمانی خواکان بم بێ ئەوەی لە هیچ مرۆڤێك بترسم؟ من دەمزانی دەمرم، بەڵام ئایا دەشێت ئەوە نەزانم ئەگەرچی نەیشتدرکاندبێت؟ ئەگەر مەرگیشم پێشوەختە ئەوە من چاکەی تێدا دەبینم..)(٢٢).

ئەگەر لەم گۆشەیەوە سەیری چیرۆکەکەی ئیبراهیم بکەین بۆمان دەردەکەوێت ناکۆکییەکی هاوشێوەی ئەو ناکۆکییەی تێدایە کە سۆفۆکلیس لەو شانۆییە ناوبراوەیدا وێنەی کێشاوە. بێگومان ئیبراهیم لە ناکۆکی نێوان رێزگرتنی لە خواستەکانی باوکایەتییەکی بەسۆزو ئەرکە مۆراڵییەکانی لە لایەکو نێوان زەروورەتی ملکەچبوونی بۆ فرمانی خودایی لە سەربڕینی ئیسحاقدا لە لایەکی ترەوە تاڵاوی زۆری چێشتووە. ئیبراهیم کوڕەکەی لە خۆی زێتر خۆشدەویستو زۆر بەچاکی ئەرکەکانی باوکایەتیی جێبەجێدەکرد، بەڵام ئەگەر ئەم خۆشەویستییەو ئەرکەکانی باوکایەتی لەگەڵ گوێڕایەڵی تەواو بۆ فرمانەکانی خواوەندو لەگەڵ ئەرکە رەها ئایینییەکانی بەرانبەر خواوەندەکەی ناکۆك بن دەتوانێت چی بکات؟ بە راستی نەهامەتییەکەی ئیبراهیم لە شانۆییەکەی ئەنتیگۆنا زێتر رەگەزەکانی تراژیدیاو نۆبەرەکانی گرژبوونی تێدایە، چونکە ناکۆکیی بنچینەیی لە شانۆییەکەی سۆفۆکلیسدا لە نێوان دەسەڵاتی کاتیو لە نێوان فرمانە ئەزەلییەکانی ئاسماندا بوو. هەریەك لەم دوو جەمسەرەی ئەم ناکۆکییەیش سەرچاوەی سەربەخۆ لەیەکتریان هەیە، بەڵام بەلایەن ئیبراهیمەوە ئەوە هەردوو جەمسەرەکەی ناکۆکییەکە لە کۆتاییدا دەگەڕێنەوە بۆ یەك سەرچاوە، ئەویش خوایە. کاتێك ئەنتیگۆنا بۆ فرمانەکانی ئاسمان ملکەچ بوو بەوە سەرپێچیی فرمانەکانی دەسەڵاتی کاتیی کرد، بەڵام کاتێك ئیبراهیم ملکەچیی فرمانی خواکەی بوو و کێردی خستە سەر گەردنی کوڕەکەی بەوە سەرپێچیی ئەو یاسا مۆراڵییە رەهایانەی کرد کە خوا سەبارەت بە چۆنییەتی مامەڵەکردنی باوکان بۆ نەوەکانیانو مامەڵەی نەوەکان لەگەڵ باوکاندا بۆ بەندەکانی خۆی ناردبوون. بە دەربڕینێکی تر کاتێك ئیبراهیم لە لایەنی ئایینییەوە گوێڕایەڵی خوای

کرد، ناچار بوو لەلایەنی مۆراڵییەوە سەرپێچی بکات.

نەهامەتییەکەی ئیبلیس، لەلایەنی چۆنایەتییەوە، لە نەهامەتییەکەی هەریەك لە ئەنتیگۆناو ئیبراهیم جیاواز نییە. فرمانی خودایی راستەوخۆی لە بەردەمدا بوو بەوەی کڕنووش بۆ ئادەم بەرێتو لە هەمان کاتدا داخوازییەکانی ویستی خودایی بانگەشەدەری تاکخوایی‌و پەرستن‌و ستایشکردنی لە بەردەمدا بوون کە بواری کڕنووشبردن بۆ کەسێکی تری بێجگە لە زاتی تاك‌و تەنیا نادەن. ئیتر ئیبلیس ملکەچی داخوازییەکانی ویستی کردو بەوەیش سەرپێچیی فرمانی کڕنووشبردنی کردو لەسەر ئەوە لە بەهەشت دەرکراو نەفرەتی لێکراو بێئومێدی رەها لە گەڕانەوە بۆ بەهەشتی لە چارە نووسرا. بەڵام تراژیدیاکەی ئیبلیس لە نەهامەتییەکەی ئیبراهیم مەزنترو ئازاراویتر بوو، ئێمە ناڵێین (تراژیدیاکەی) ئیبراهیم ئەویش بە هۆی ئەو بەرانەی لەبری ئیسحاق سەری بڕی، چونکە ئەو ناکۆکییەی رووبەڕووی ئیبلیس بووەوە لە نێوان ئەرکەکانی ئیتاعەی ئایینی‌و ئەرکەکانی ئیتاعەی مۆراڵیدا نەبوو، بەڵکو تەنیا لە نێوان ئەرکەکانی ملکەچبوون بۆ فرمانە خوداییەکاندا بوو. بە دەربڕینێکی تر ئیبلیس لە رووبەڕووی خوادا بوو کە بە شێوەیەکی راستەوخۆو راشکاو دژایەتیی خۆی دەکات، ئیتر بووە قوربانیی ئەم ناکۆکییەو قوربانیی ئەو هەڵوێستەی هەڵیبژاردو گرتیەبەر.

هەر کەسێك بە کەمێك سەرنج‌و قووڵییەوە سەیری کەسایەتی ئەنتیگۆنا بکات ناشێت هەر بەتەنیا ئەو پاڵەوانە تەقلیدییەی تێدا ببینێتەوە کە نوێنەری هەموو شتێکی چاکەو راستی‌و جوانییە، لە کاتێکدا دوژمنەکەی نوێنەری پێچەوانەی ئەو خەسڵەتانە بێت، هەروەها هەر کەسێکیش لە چیرۆکەکەی ئیبراهیم‌و رەهەندە مرۆڤایەتییەکانی تێبگات ناتوانێت لە هەوڵی سەربڕینی کوڕەکەیدا هەر تەنیا تاوانێکی قێزەونی دژ بە ساکارترین بەڵگەنەویستە مرۆڤایەتی‌و مۆراڵییەکانی ببینێتەوە. هەمان شتیش بەلایەن ئیبلیسەوە، چونکە ئەوەی بەسەرنجەوە سەیری نەهامەتییەکەی بکات لە پێشێلکردنی فرمانی کڕنووشبردنەکەدا تەنیا بەرجەستەبوونێکی یاخیبوون‌و خراپەو تاوان نابینێتەوە. ئەگەر لە گۆشەیەکی دیاریکراوەوە سەیری مەسەلەکان بکەین ئەوا ئێمە گومان ناکەین لەوەی ئیبلیس یاخی‌و سەرپێچیکار بوو، بەڵام لەلایەکی ترەوە پێویستە ئەوەمان لەبیرنەچێت کەوا سەرپێچییەکەی مەزنترین پەرستنی زاتی خودایی‌و گەورەترین نموونەی پابەندبوونە بە هەقیقەتی تاکخواییەوە. ئیبلیس تاوانی کرد کاتێك کە مشتومڕی خوای کرد، بەڵام ئەوە خوا خۆی بوو بواری ئەوەی پێداو گوێی لێگرت کاتێك وتی (من لەو باشترم، منت لە ئاگرو ئەوت لە قوڕ خولقاندووە). کەسایەتییە تراژیدییەکەی ئیبلیس لێرەدا دەردەکەوێت بەوەی تێکەڵێکە لە بەرائەت‌و تاوان، جوانی‌و ناشرینی، هەق‌و ناهەق، چاکەو خراپە. ئەو وەك هەریەکێك لەو پاڵەوانە تراژیدیانەی لە بواری تراژیدیا مەزنەکانی مێژووی ئەدەبەوە ناسیوومانن سەرجەمی ئەو خەسڵەتانەی هەیە، چونکە پێویستبوو لەسەر ئیبلیس کڕنووشبردن رەتبکاتەوە، بەتەواوی وەك ئەوەی پێویستبوو لەسەر (ئۆریستین) دایکی خۆی بکوژێت‌و پێویستبوو لەسەر (هاملێت) مامی خۆی بکوژێت‌و پێویستبوو لەسەری وەك ئەوان بەڵاو ئازارو بێئومێدی ئەنجامی کارەکەی لە ئەستۆبگرێت. هەموو ئەو پاڵەوانانە خۆیان لە نێوان دوو دەمی دەستاردا دییەوە، لەلایەکەوە راستییان پێکاوەو لەلایەکی تریشەوە راستییان نەپێکاوە، ئەوانەیشیان کە زۆر بە ورەو پتەو نەبن بەرگەی ئەم تەنگژییە تراژیدییە ناگرن، واتە تەنیا ئەوانەی ناوەخنیان لە ناوەخنی پاڵەوانانە دەتوانن بەرگەی بگرن.

٣) ئەگەر جیاوازی لە نێوان دوو جۆر تراژیدیادا بکەین مەسەلەکەمان باشتر بۆ ڕووندەبێتەوە: (تراژیدیای نامۆیی Tragedy of Alienation} و (تراژیدیای چارەنووس یان قەدەر Tragedy of Fate}. ئەو بابەتەی ئێستا دەمەوێت بیخەمەڕوو ئەمەیە: نەهامەتییەکەی ئیبلیس بە هەموو رۆشنییەکەوە هەردوو شێوە تراژیدیاکە دەنوێنێت. لە تراژیدیای نامۆییدا بەڵا بەهۆی دابڕان لە (رەوشێکی دیاریکراو)ەوە دێتەدی کە پاڵەوان پێشتر بەشداریی تێدادەکرد، بەڵام ئێستا خۆی لەو رەوشە بە نامۆ دەبینێتەوە. کارەکانی میلتۆن‌و

دۆستۆیفسکیو کافکاو کتێبی (نامۆ)ی کامۆ نموونەی ئاشکرامان دەربارەی تراژیدیای نامۆیی پێدەدەن، بەڵام بەلایەن نامۆیی ئیبلیسەوە، حەلاج لەسەر زمانی ئیبلیسو لە وەسفکردنی نامۆییو بەڵاکانیدا ئەمەی خوارەوەی وتووە: (تەریکی کردم، تەنیای خستم، سەرسامی کردم، دەریکردم تاوەکو لەگەڵ دڵسۆزان تێکەڵ نەبم، بەهۆی غیرەتمەوە لە چاکەکارانی دوور خستمەوە، لەبەر سەرسامییەکەم گۆڕیمی، لەبەر نامۆبوونم سەرسامی کردم، لە هاوڕێیەتیکردنی بێبەشی کردم، لەبەر ستایشەکەم ناشرینی کردم، لە گەشتەکەم بێبەشی کردم، لەبەر روونکردنەوەم وازی لێهێنام، لەبەر شارەزاییم ناوی زڕاندم)(٢٣).

ئیمام مەقدەسی لەسەر زمانی ئیبلیس ئەم دێڕانەی خوارەوەی لە وەسفکردنی نامۆییو دەردەسەرییەکانیدا نووسیووە: (پاشان لەبەر کامڵبوونی چەرمەسەرییەکەم پرسم لە دیدەڕوونان کرد، کەچی بوومە گاڵتەچیی ئامادەبووان. کاتێك گوێم لە پاڕانەوەی خواناسان دەبێت من دەتوێمەوە. کە سوپاسگوزاران دەبینم لەتوپەت دەبم. یەکێکەو لە سێبەرەکەی هەڵدێم. یەکێکەو لە پیرۆزیی کارەکانی رادەکەم. یەکێکەو هەناسەکانی دەمسوتێنێت. یەکێکەو دەستەپاچەم لە پێڕاگەیشتنی.. ئەگەر تۆبەکار تۆبەبکات پشتم دەشکێنێت. ئەگەر تاوانکار پاشگەزبووەوە تەمەنم کەمدەکات. هەرچییەك لەساڵێکدا لەگەڵ یاخییەکدا بونیادی دەنێم، تۆبەیەك لە ساڵێکدا دەیرمێنێت. من لە بەڵایەکی بێکۆتایی، جەنگێکی بێچارەو خەمێکی وەسف درێژدام)(٢٤).

بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو وەسفە شاکارەی ئەبو حەییانی تەوحیدی بۆ باری نامۆیی کردووە، ئەوا دەبینین بە هەموو لایەنەکانییەوە بەسەر باری ئیبلیسدا جووت دەبێت، ئەبو حەییان دەڵێت: (هێی! نامۆ کەسێکە خۆری جوانییەکەی ئاوا بووە، لە خۆشەویستو هاودەمانی دوور کەوتووەتەوە، لە وتەو کردارەکانیدا نامۆ بووە.. نامۆ کەسێکە بە نەهامەتیی یەك لە دوای یەك وەسف بکرێت، بە ئاژاوەی دوای ئاژاوەدا ناونیشانەکەی بدۆزرێتەوە، سات لە دوای سات هەقیقەتەکەی خۆی تێدا ئاشکرادەبێت.. ئەرێ بەزەییەك بە نامۆدا! سەفەری بێگەڕانەوەی، بەڵای بێتاوانییەکەی درێژەیان کێشا، زیانەکەی توندتربووەوە بێ ئەوەی کەموکوڕییەکی هەبێت، بێهودە ناڵاندنەکەی گەورەتر بوو!)(٢٥).

شانۆیی (ئۆدیب پاشا) و شانۆیی (رۆمیۆ و جولێت)ی شکسپیر شاکارترین کارێکن دەربارەی تراژیدیای چارەنووس نووسرابن. هەرکەسێکیش ئەو شانۆییە ناوبراوەی سۆفۆکلیسی خوێندبێتەوە دەزانێت چۆن قەدەر رەوتە حەتمییەکەی خۆی گرتووەتەبەرو هەموو پێشبینییەکان راست دەرچوونو چۆن هەموو ئەو تەقەللایانەی ئۆدیبو جۆکاستا بۆ دەربازبوون لە چارەنووسە تاریکەکەیان دایان تووشی شکست بوون. ئەگەر لەم گۆشەیەوە بڕوانینە نەهامەتییەکەی ئیبلیس بۆمان دەردەکەوێت لە هەموو هەنگاوەکانیدا، ئەمیش وەك هەموو بوونەوەرێکی تری نێو مەملەکەتەکەی خوا، بەگوێرەی ئەو قەدەرەی خوا لەسەری نووسیووە بەڕێوەچووە، بەڵگەیش فەرموودەی قودسییە کە دەڵێت: (یەکەم شت خوا دروستیکرد پێنووس بوو، پێیوت بنووسە، وتی خوایە چی بنووسم؟ وتی چارەنووسی هەر شتێك تاوەکو رۆژی دواییو هەر یەکێك بەدەر لەو چارەنووسە مرد لە من نییە)(٢٦).

حەلاج ئەم راستییەی بە سروودێك دەربارەی ئیبلیس دەربڕیوە:

ألقاه فی الیم مكتوفا وقال له    أیاك أیاك ان تبتل بالماء

بە دەسبەستراوی فڕێیدایە نێو دەریاوەو پێی وت ئاگات لەخۆت بێت تەڕ نەبیت

بە دەربڕینێکی تر ئیبلیس لە حاڵەتو هەڵبژاردنو دەرکردنو نەفرەتو شێواندنەکەیدا ملکەچی بڕیارەکانی ویستی خودایی و فرمانی بڕیارە نەگەڕێنراوەکەی بوو، ژێردەستەی حیکمەتەکەیو چەوساوەی ویستەکەی بوو، بەو بەڵگەیەی خوا دەڵێت: (ئێمە هەموو شتێکمان بە چارەنووسەوە خولقاندووە). حەلاج ئەم وشانەی خوارەوە دەربارەی ملکەچیی ئیبلیس بۆ قەزاو قەدەرەکەی خۆی نووسیووە: (هەقی مەزن بە ئیبلیسی وت: (هەڵبژاردن

بۆ منه نەك بۆ تۆ) ئیبلیس وەڵامی دایەوە: هەموو هەڵبژاردنەکانو هەڵبژاردنەکەی منیش بۆ تۆ، ئەی شاکارساز تۆ خۆت بۆ منت هەڵبژاردو ئەوەی ڕێگەی کڕنووش بۆ بردنی لێگرتم ئەوە خۆت بوویتو ئەگەر لە پەیڤیندا هەڵەم کردبێت ئەوە خۆت گوێگر بوویتو ئەگەر بتویستایە کڕنووشی بۆ بەرم ئەوە من ملکەچبووم، لە نێو شارەزایاندا کەسێك ناناسم لە تۆ باشتر بمناسێت، گلەییم لێ مەکە، چونکە گلەیی لە من دوورە، گەورەم خۆت پاداشت دابنێ، چونکە من تەنیاو بێکەسم)(٢٧).

لێرەدا پێویستە سەرنج رابکێشین بۆ ئەوەی کەوا هەر کەسێك قەدەر حەشری پێکردو چارەنووسی حەتمی پلیشانییەوە بەوە نابێت بە پاڵەوان، هەرکەسێك خۆی لە نەهامەتییەکی ئەشکەنجەداری هاوچەشنی نەهامەتییەکەی ئیبلیسو ئەنتیگۆناو ئیبراهیمدا بینییەوە بەوە نابێت بە کەسایەتییەکی تراژیدی، چونکە مەسەلەکە تا رادەیەکی گەورە بەندە لەسەر چۆنییەتیی ئەو کاردانەوەیەی مرۆڤ لە ئاست نەهامەتییەکەیداو سروشتی ئەو بەدەنگەوەچوونەی بە ئاراستەی چارەنووسەکەی نیشانی دەدات، بۆ نموونە خوشکەکەی ئەنتیگۆنا بە تەواوی هۆشیار بوو لەو ناکۆکییەی پاڵی بە خوشکەکەیەوە نا بەرەو کۆتاییە مەرگەساتەکەی، بەڵام لە هیچ بارێکدا بۆمان نییە ئەسمینا بە کەسایەتییەکیی تراژیدی دابنێین، چونکە لە بەدەنگەوەچوونی ئەو ناکۆکییەدا بە نێگەتیفی مایەوەو خۆی دا بە دەست رەوتی رووداوەکانەوە، لەبەر ئەوە دەبینین ئامۆژگاریی ئاقڵبوونو خۆپارێزیی دەکاتو گومان دەورووژێنێتو ترس نیشاندەدات ئەوەیش دەریدەخات ناواخنەکەی لە ناواخنی پاڵەوانان نەبوو. هەمان شتیش بەسەر فریشتەکاندا جووتدەبێت (بەتایبەتی کە شوێنەواری کڕنووشبردن بە روخسارییانەوە دیارە). شتێکی خۆشە هەڵوێستی ئیبلیسو هەڵوێستی ئادەم لەم لایەنەوە بەراوردبکەین. ئادەم هەروەك ئیبلیس سەرپێچیی خوای کردو ئەگەر خوا بیویستایە ئادەم سەرپێچیی نەکردایە ئەوا سەرپێچیی نەدەکرد، کاتێك خوا لەسەر سەرپێچیکردنەکەی لۆمەی کرد، ئادەم هیچ کاردانەوەیەکی ئیجابیی نەبوو، بەڵکو وتی: (خوایە زوڵممان لە خۆمان کردو ئەگەر لێمان نەبووریتو بەزەییت پێماندا نەیەتەوە دەبین بە یەکێك لە دۆڕاوەکان)، بەڵام ئەو پاڵەوانە تراژیدییەی ململانێی چارەنووسەکەی دەکات، هەروەك ئۆدیپ پادشا ململانێی کرد، ناڵێت (خۆم زوڵمم لە خۆم کرد)، چونکە بەتەواوی دەزانێت ئەوە چارەنووسە حەتمییەکەیەتی زوڵمی لێکردووە، بەڵام ئیبلیس بەشێوەیەکی ئیجابی وەڵامی گلەییەکانی خوای دایەوەو وتی: (بەو شتانەی فریوت داوم زەوییان بۆ دەرازێنمەوە..) بەوەیش رەتیکردەوە خۆی زوڵمی لە خۆی کردبێت یان خۆی بەرپرسی چارەنووسو کۆتاییەکەی بێت. جارێکی تریش وەسفەکەی ئەبو حەییانی تەوحیدی بۆ نامۆ بەسەر ئیبلیسدا جووتدەبێت: (هەڵەیەکی نییە تاوەکو لێی ببووردرێت، تاوانێکی نییە تاوەکو ببەخشرێت، نەنگییەکی نییە تاوەکو بپۆشرێت)(٢٨). واتە ئادەم، کاتێك خوا گلەیی لێکرد، ترسا لەوەی دان بەو راستییەدا بنێت، بەڵام ئیبلیس وتووێژی لەگەڵ کردو هەوڵیدا داکۆکی لە کردەوەکەی بکاتو هەڵبژاردنەکەی پاساوبکات، وێڕای ئەوەی دەیزانی بواری دەربازبوون نییە لەوەی خوا لەسەری نووسیووە، ئەمیش هەروەك ئۆدیبو جۆکاستا بوو لە هەوڵدانیاندا بۆ دەربازبوون لە چارەنووسە نەگریسەکەیان، لەگەڵ ئەوەی کە شکستەکەیان حەتمیو پێشبینیکراو بوو. تەنانەت پاش ئەوەی نەفرەت بەسەر ئیبلیسدا داباری هێشتا لە هەڵوێستو کردارەکانیدا بە ئیجابی مایەوە بە بەڵگەی ئەوەی دەڵێت: (زەوییان بۆ دەرازێنمەوەو هەموویان فریو دەدەم..) کەواتە دەبینین ئیبلیس ئەو کانزاییە کە پاڵەوانانی کارە گەورە تراژیدییەکانی ئەدەبی جیهانی لێدروستکراوەو کەسایەتییە تراژیدییەکانی لە چەشنی ئەو وێنەکێشراون. کەواتە هیچ سەرسامییەکی ناوێت کە دەبینین ئەو پاڵەوانانە یان لە پەیوەندییەکی راستەوخۆدا لەگەڵ شەیتاندا بوون یان بە خەسڵەتی شەیتانیانەی ئاشکرا وەسفکراون، هەروەها رێکەوتیش نییە کەوا کەسایەتییە تراژیدییە گەورەکان زۆربەیجار لە نێو دەستەی ناوازەو تێکدەرانو یاخیبووانو کافرانو سەرپێچیکارانو مرۆکوژانەوە وەردەگیرێن، لەبەر ئەوەیش دادگاییکردنە یاساییەکان بە زۆری لە ژمارەیەکی

گەورەی کارە تراژیدییە بەناوبانگەکاندا هاتوون. هێندە بەسە وەك نموونە ئاماژە بە ئەسکیلۆس، کافکا، (برایانی کارامازۆف)و رۆمانی (نامۆ)ی کامۆ بکەین، هەروەها دەتوانین ئەو چەندوچوونەی لە نێوان ئیبلیسو خوادا روویدا بە جۆرێك لە دادگاییکردنی عورفیی خێرا سەیربکەین، کە تێیدا بوار بە ئیبلیس درا داکۆکی لە خۆی بکات پێش ئەوەی خوا بریاری فرمانێك بدات کە پێشتر دەرکرابوو.

٤) کارێکی قورسە لێکۆڵەوەری سروشتی تراژیدیا باس لە بابەتی هەستی دەروونبەرزیو ئەو رۆڵەی لە ژیانی کەسایەتییە تراژیدییەکاندا دەیگێرێت نەکات. بابەتی دەروونبەرزی (الکبریاء) بەلای ئێمەوە گرنگییەکی تایبەتی وەردەگرێت بەهۆی ئەو بۆچوونەی کە رەتکردنەوەی کرنووشبردنی ئیبلیس بۆ پاڵنەری دەروونبەرزیو شانازیکردن دەگێرێتەوە. کاتێك هەق ئیبلیسی لە بەهەشت دەرکرد پێیوت (لە بەهەشت دابەزە، چونکە بۆت نییە شانازیی تێدا بکەیت، برۆ دەرەوە تۆ لە هیچوپووچەکانیت). بۆ ئەوەی لە شێوە راستەقینەکەیدا دەرك بە سروشتی دەروونبەرزییەکەی ئیبلیس بکەین، پێویستە جیاکاری لە نێوان دەروونبەرزیی بە مانای کەللەرەقیو لە نێوان (دەروونبەرزیی تراژیدی)دا بکەین، کە خەسڵەتی کەسایەتییە تراژیدییە گەورەکان بووە، لەگەڵ ئەوەیشدا کە ئەوە رێگر نییە لەوەی پاڵەوانی تراژیدی کەللەرەق بێت. بەڵام ئەم خەسڵەتە قێزەونە بەلایەن پاڵەوانێتیو تراژیدیاکەیەوە بە رووکەشیو کاتی دەمێنێتەوە. کەللەرەقیو دەروونبەرزیی دۆنکیشۆتییانە تەنیا بەزەییو گاڵتەجاری بۆ خاوەنەکەی دەهێنێت، بەڵام دەروونبەرزیی تراژیدیی هەڵوێستێکی جیدی لەئاست پاڵەواندا بەسەرماندا دەسەپێنێت، کە زۆرێك پێسەرسامبوونو رێزگرتنی تێدایە، تەنانەت ئەگەر هەڵوێستەکەیشی پێچەوانەی سەرجەمی مەبدەئەکانو هەڵوێستە تایبەتییەکانیشمان بێت. لەبەر ئەوە دەروونبەرزی هەمیشە یەکێك لە گرنگترین ئەو پاڵنەرانە بووە، کە کەسایەتییە تراژیدییەکانی بزواندووە هەر لە ئۆدیب پادشاوە تاوەکو ئیڤان کارامازۆف.

جەوهەری دەروونبەرزیی تراژیدی لە رەتکردنەوەی پاڵەوانەکەوە پێکدێت کە نایەوێت بە دەستەوەستانی بمێنێتەوە لە ئاست ئەو شتانەی لە بەرانبەر ئەرکو پلەو پایەو دەروونبەرزییەکەیدا بە هەرەشەیان دادەنێت، تەنانەت ئەگەر زانیبێتی ئەو هەرەشەیە بەشێکە لە چارەنووسیو دەروونبەرزییەکەیشی دەگەیەنێتە هەرەسو بێئومێدیو مەرگ. ئۆدیبو ئەنتیگۆنا بەو جۆرە کۆتاییان هات، هەروەها ئیبلیسیش، بەڵام ئادەم هەرگیز ئەو چەشنە دەروونبەرزییەی نەزانیووەو ئەگەر لە چارەنووسی بنووسرایە ببێتە کەسایەتییەکی تراژیدی نەیدەوت: (خوایە زوڵممان لە خۆمان کردو ئەگەر نەمان بەخشیتو بەزەییت پێماندا نەیەتەوە دەبینە یەکێك لە دۆڕاوەکان). کەواتە ئەو ئەنجامەمان دەستدەکەوێت کەوا دەروونبەرزیی ئیبلیس نە زادەی کەللەرەقییەکی بۆشو نە زادەی دەستدرێژیکردنە سەر پەرستگارەکەیەتی، بەڵکو دەروونبەرزییەکی تراژیدی بوو پاڵی پێوە نا لەتاو بریاری خوا، پەنا بۆ خوا بەرێت. ئیبلیس تەنانەت دوای ئەوەیش کە دەربەدەرو نەفرەتلێکراویش کرا هەڵوێستی لە خوای خۆی نەگۆریو بەردەوام دانی بە دەسەڵاتو هێزەکەیدا دەناو لێی دەترساو بێجگە لەو کەسی تری بە خوای خۆی دانەنا، بە بەڵگەی قسەی خوا: (هەروەك شەیتان کە بە مرۆڤی وت کفر بکەو کاتێکیش کفری کرد پێیووت من لێت بێبەریم، چونکە من لە خوای هەردوو جیهان دەترسم)، هەروەها بە بەڵگەی وەڵامەکەی ئیبلیس کاتێك لەبەردەم خوادا سوێندی خوارد: (سوێند بە شکۆداریت هەموویان فریو دەدەم بێجگە لە بەندە دڵسۆزەکانت) (سورەتی ص ٨٣، ٨٤). واتە ئیبلیس، تەنانەت پاش ئەوەی نەفرەتیشی لێکرا، روونیکردەوە هیچ شتێك لای ئەو لە شکۆداریی خوا شکۆدارتر نییەو بەندە دڵسۆزەکانی لە سوێندەکەی هەڵاوێرد، وەك ئەوەی بیەوێت چاکی ستایشکردنو راستگۆیی ملکەچییەکەی بۆ خوای هەردوو جیهان روونبکاتەوە، تەنانەت پاش نەفرەتلێدانو دەرکردنیشی. ئیبلیس هەر تەنیا نامۆ نەبوو، بەڵکو بەگوێرەی قسەکانی ئەبی حەییان لە غوربەتەکەیشیدا نامۆ بوو. حەلاج لە دیالۆگە ئەندێشەکراوەکەی نێوان موساو ئیبلیسدا، پاش ئەوەی نەفرەتی ئەبەدیی لێکرا،

هەڵوێستی ئیبلیس لە خوا وەسفدەکات، دەڵێت: موسا بە ئیبلیسی وت: (ئێستا ناوی دەبەیت؟) ئیبلیس وەڵامی دایەوە: موسا مەسەلەکە ناوبردن نییە، من ناوبراوم‌و ئەویش ناوبراوە، ناو بردنی ئەو ناوبردنی منە‌و ناوبردنی منیش ناوبردنی ئەوە، ئاخۆ دەشێت ئەوانەی ناویان دەبرێت پێکەوە نەبن؟ ئێستا خزمەتکردنەکەم پوختەتر، کاتم زۆرتر‌و زاکیرم ئاشکراترە، چونکە ئەوسا لەبەر چارەنووسی خۆم خزمەتم دەکرد‌و ئێستایش لەبەر چارەنووسی ئەو خزمەتی دەکەم)(٢٩).

ئیمام مەقدەسی، لە ژێر کاریگەربوونیدا بە بۆچوونی حەلاج، بەشێوەیەکی نائاسایی سەیری چارەنووسی ئیبلیس‌و دەروونبەرزییەکەی دەکات، دەڵێت: (پێی وتم کڕنووش بۆ غەیری من بەرە، وتم کەسی تر نییە. وتی نەفرەتت لێبێت، وتم زیانی نییە. ئەگەر قەرزاربارێشم بکەیت تۆ هەر تۆیت. وتی لە خۆبەزلزانی‌و خۆهەڵکێشاندا ئەمە دەکەیت. وتم گەورەم ئەوەی لە تەمەنیدا ساتێك تۆی ناسیبێت یان لە هەموو رۆژگاریدا بۆ چاوتروکاندنێك پێت گەیشتبێت یان لە ڕێگای خۆشەویستیی تۆدا کاتژمێرێك هاودەمت بوو بێت، مافی هەیە شانازی بکات. ئەی دەبێت ئەوەی چەند تەمەنێکی بڕیوە‌و بە خۆشەویستیی تۆ شوێنەوارگەلێکی بونیادناوە چۆن بێت. چەندم لە پەڕاوەکانی بە تاکدانانی تۆدا لە شەو و رۆژدا تۆمار کردووە. چەند وانەی پەرستن‌و پیرۆزکردنی تۆم بە ئاشکراو نهێنی خوێندووە، شوێنەوارەکان شاهیدیم بۆ دەدەن، دەڤەرەکان مافم دەزانن. شەو و رۆژ باوەڕم پێدەکەن. ئادەم لە کوێ بوو کاتێك من پێشەوا (ئیمام)ی ریزەکانی فریشتەکان‌و گوتارخوێنی دەستەی یاران‌و سەرکردەی نوێنەرایەتی نزیکەکان بووم، من لەگەڵ تۆدا پێشینەیەکی پەرستنم هەیە‌و تۆ لەگەڵ مندا پێشینەیەکی ئیرادەت هەیە. کاتێك ئاڵاکانی ئیرادە بەرزکرانەوە، وێنەکانی پەرستن شارانەوە. تەقەللادەر لە تەقەللاکەیدا هەڵەی کرد، رەسەن لە پایەی رەسەنایەتی کەوت‌و تیری بڕیار پێکای، بەڵام دڵی نەگرت. ئیتر کڕنووشم بردبێت یان نا، خواپەرست بووبێتم یان نا، پێویستە بۆ قەدەری پێشینە بگەڕێینەوە. تۆ منت لە ئاگر دروست کردووە، کەواتە گەڕانەوە بۆ ئاگر پێویستە. لە ئاگر دروستمان کردن‌و بۆ ئاگرتان دەگەڕێنینەوە)(٣٠).

(٤)

لە لاپەڕەکانی پێشوودا لە چەند ئاستێکی جیاوازەوە گرفتەکەی ئیبلیسم باسکرد، لە تێڕوانینە تەقلیدییە باوەکەوە دەستم پێکرد، ئینجا وەسفی نەهامەتییەکەیم کرد، پاشان لایەنە تراژیدییەکانی نێو کەسایەتییەکەی‌و هەڵوێستەکەیم دیاریکرد، گومانی تێدا نییە هێندەی لە یەکێك لەم سێ ئاستەوە دەچینە سەر ئاستی دوای ئەو، بە شێوەیەکی باشتر‌و قوڵتر هەقیقەتی ئیبلیسمان بۆ روونده‌بێتەوە‌و بە ئاشکراییەکی مەزنترەوە فرە لایەنییەکانی کەسایەتییەکەیمان بۆ رۆشندەبێتەوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە تێگەیشتنمان لەسەر ئاستی تراژیدیا لە کەسایەتیی ئیبلیس، هەقیقەتە تەواو و کامڵەکەیمان بۆ روونده‌کاتەوە، چونکە کەسایەتییەکەی بەرهەمی خەیاڵی ئەدەبی‌و درامی نییە، هێندەی ئەوەی بەرهەمی خەیاڵی ئایینی پوختە. لەبەر ئەوە تێڕوانینە تراژیدییەکەمان لە ئیبلیس بە کەموکوڕی دەمێنێتەوە‌و تەنیا یەك لایەنی هەقیقەتەکەی نیشان دەدات‌و تاوەکو لەسەر ئاستی ئایینی پوخت مامەڵەی نەکەین، کە رەوشی راستەقینە‌و کۆتایی ئیبلیسمان لە سیستەمی خولقاندندا بۆ ئاشکرادەکات، دیمەنەکە تۆکمە نابێت. ئەو هۆ سەرەکییەی وام لێدەکات ئەوە بڵێم بریتییە لە نەبوونی بواری سەرهەڵدانی تراژیدیا بە مانا تەواو و رەهاکەی لە سێ ئایینە سامییەکەدا. مەحاڵە ئایین بە شێوەیەکی تەواو تراژیدیا قبوڵبکات، چونکە چاودێریی (العنایە) خودایی بە تەواوی دەسەڵاتی بەسەر هەموو گەردووندا دەشکێت‌و بەرەو ئەو دوا مەبەستانەی دەبات کە خوا بۆی هەڵبژاردووە، لەبەر ئەوە دەبینین ئایین بە سروشتی خۆی ڕێگەی خۆلادان لە تراژیدیا، چەندیش ئەشکەنجەدار بێت، دەدات‌و ڕێگەی چارەسەرکردنی هەموو گرفتەکانی دەدات، جا ئەگەر لە ژیانی دنیاییشدا نەبێت، کەواتە لە رۆژی دواییدایە، بۆ نموونە تێڕوانینی

تراژیدییانەی شتەکان دەخوازێت پاڵەوانەکان زیانی قەبەی هەرگیز شیاوی قەرەوەبوونەکردنیان لێبکەوێت کە زۆربەی جار بە مەرگو بێئومێدیی تەواو ئاماژەی پێدەکرێت، هەروەها لە پاڵەوانەکان دەخوازرێت بەرگەی بەڵاو ئەشکەنجەیەك بگرن کە شایستەی نین‌و بۆ خۆیانیان نەویستووە، بەڵام ئایین ئەم لۆژیکە تراژیدییە قبوڵ ناکاتو دەڵێت ئەو زیانانەی چاکەکاران لێیاندەکەوێت رۆژێك لە رۆژان بۆیان قەرەبوودەکرێتەوە، هەروەك چۆن خوا قەرەبووی ئەو نەهامەتییانەی کردەوە کە بەسەر ئەیوبدا هاتن‌و لەسەر ئارامگرتنە دوورودرێژەکەی پاداشتی دایەوە، بەڵام ئەو زیانانەی خراپەکاران دەیکەن ئەوە سزایەکی دادپەروەرانەی شایستەیانە بە هۆی تاوان‌و کردەوە خراپەکانیانەوە بە بەڵگەی ئەوەی (هەر کەسێك مسقاڵێك چاکە بکات دەیبینێتەوەو هەر کەسێك مسقاڵێك خراپە بکات دەیبینێتەوە)و تەنانەت کۆستی مردن، بەلایەن ئایینەوە تەنیا زیانێکی کاتییەو ئاماژەیە بۆ گواستنەوە لە خانەی نەمانەوە بۆ خانەی مانەوە. واتە ئایین بەشێوەیەکی کاتی‌و قۆناخئامێز نەبێت تراژیدیا قبوڵ ناکاتو لەمەیشەوە دەبێت تراژیدیاکەی ئیبلیس تراژیدییەکی کاتی بێت‌و رۆژێك لە رۆژان لەنێودەچێت.

پاش ئەم ئاماژەیە بۆ سنووری تێروانینی تراژیدییانەی کەسایەتیی ئیبلیس دەمەوێت ئەم پرسیارەی خوارەوە بکەم: بۆچی فرمان درا ئیبلیس کرنووش بۆ ئادەم بەرێت؟ یان راشکاوتر بۆچی خوا خستییە ئەم تەنگژییەو فرێیدایە نێو ئەم نەهامەتییەوە؟ وەڵام بریتییە لەوەی چونکە ویستی تاقیی بکاتەوە هەروەك چۆن پاش ئەو ئەیوب‌و ئیبراهیم‌و بەندە چاکەکانی تری تاقی کردەوە. ئاماژەکردنیش بە تاقیکردنەوەکەی ئیبلیس لە وەڵامدانەوەی خوادا ئاشکرایە (بەو شتانەی فریوت دام زەوییان بۆ دەرازێنمەوە)و (بەو شتانەی فریوت دام لەسەر رێگە راستەکەت بۆیان دادەنیشم) واتە مرۆڤ فریودەدات هەروەك خوا ئەوی فریوداوەو بەڵایان بەسەردا دەهێنێت هەروەك خوا بەڵای بەسەردا هێنا. ئیبلیس پێشەوای فریشتەکان‌و تاربێژی دەستوپێوەندەکان بوو، خوا ویستی بەڵای بەسەردا بهێنێت، بۆیە فرمانی پێدا کرنووش بۆ ئادەم بەرێت تاوەکو ئاستی پابەندبوونی بە هەقیقەتی تاکخوایی‌و دامێنگیربوونی بە بانگەشەکەی لە پەرستن‌و ستایشکردندا ببینێت، ئیبلیسیش سەلماندی ئامادەیە هەموو شتێك لە پێناوی بانگەشەکەیدا بۆ یەك پەرستگار بکاتە قوربانی. حەلاج دەربارەی ئیبلیس دەڵێت:

(لە کرنوشبردندا لە هەموویان شارەزاتر بوو، لە هەموویان نزیکتر بوو لە خوداو لە هەموویان گیانبەختکارتر بوو، لە هەموویان وەفادارتری بەڵێن بوو، ئەوانەیش کە لە هەموویان زیاتر لە خوا دووربوون، بە مەبەستی یارمەتیدان کرنووشیان بۆ ئادەم بردو ئیبلیس بەهۆی ماوەی درێژیی دیدارەوە سەرپێچیی کرد)(٣١).

هەروەك چۆن خوا بەڵای بەسەر ئیبراهیمدا هێنا بەوەی داوای لێکرد ئازیزترین شتی لە پێناوی خوادا بکاتە قوربانی، هەروایش بەڵای بەسەر ئیبلیسدا هێنا بەوەی داوای لێکرد ئازیزترین شتی خۆی لە پێناوی پەرستگارو خۆشەویستەکەیدا بکاتە قوربانی.

لە خەسڵەتەکانی تاقیکردنەوەی ئایینی ئەوەیە تاقیکراوە بخرێتە نێو نەهامەتییەکی قورسەوەو شتێکی لە توانا بەدەری بخرێتە ئەستۆ، بەوەیش بە هەموو روونییەك‌و بەبێ هیچ خەڵەتاندن یان ساختەییەك راستییەکەی دەردەکەوێت. ئەو بیرۆکە سەرەکییەی دەمەوێت روونی بکەمەوە ئەوەیە کە ئیبلیس بە سەرکەوتنێکی تەواوەوە لەو ئەزموونە دەرچوو، کە خوا تێوەی گلاند، ئەم راستییە لەم ئیعتباراتانەی خوارەوەدا رۆشندەبێتەوە:

١-ئیبراهیم لە تاقیکردنەوەکەیدا سەرکەوت، چونکە کاریگەریی ئەرکە باوکایەتی‌و ئیلتزاماتە خێزانی‌و مرۆڤایەتییەکانی خۆی وەستاند تاوەکو ملکەچی فرمانە خواییەکان ببێت‌و ئەرکەکەی بەرامبەر خوا جێبەجێ بکات، ئیتر مەسەلەکە هەرچییەکی تێبچێت. هەروایش دەڵێین ئیبلیس لە تاقیکردنەوەکەدا سەرکەوت، چونکە کاریگەریی ئەرکە جوزئییەکانی پەرستنکاریی وەستاند تاوەکو مل بۆ ویستی خودایی کەچ بکات‌و دامێنگیری ئەرکە رەهاکەی لە تاکخوایی‌و پەرستندا ببێت.

٢-هەروەك چۆن فرمانی خودایی، سەربڕینی ئیسحاقی لە تاوانێکی قێزەونی پەتییەوە بۆ قوربانییەکی گەورەو دیارییەکی بێوێنە گۆڕی، هەروایش دامێنگیربوونی ئیبلیسی بە ئەرکە رەهاکەیەوە، سەرپێچیکردنەکەی لە یاخیبوونێکی سادەوە گۆڕی بۆ بالآترین پەرستنێك کە بەندە پێشکەشی زاتی خودایی بکات.

٣-لە راستیدا فرمانی خودایی ئەرکە باوکایەتییەکەو ئیلتزاماتە مرۆڤایەتییەکانی ئیبراهیمی کرد بە ئەرکەکانی لە بەلآگلاندن، ئەگەر ملکەچییان بووایە لە تاقیکردنەوەکەدا شکستی دەخوارد، هەروایش ئەرکە جوزئییەکانی ئیبلیس بە لایەن ئەرکە رەهاکەیەوە بوون بە ئەرکەکانی لە بەلآگلاندن، ئەگەر گوێڕایەڵیان بووایە لە تاقیکردنەوەکەدا شکستی دەخوارد.

٤-هەروەك چۆن ئیبراهیم لە ئاست ئەرکە باوکایەتییەکەیدا رەفتاری مرۆڤی ئاسایی نەنواند، بەڵکو رەفتاری پەیامبەرانو پیاوچاکانی نواند بەوەیش هەقیقەتەکەی لە بواری تاقیکردنەوەوە دەرکەوت، هەروایش ئیبلیس بە لایەن ئەرکە جوزئییەکانییەوە بەرامبەر بە خوا رەفتاری فریشتەکانی نەنواند، بەڵکو رەفتاری قدیسو چاکەکارانو لە خوانزیکەکانی نواند، بەوەیش بە هەموو رۆشنیو پاکژییەکەوە هەقیقەتەکەی وەدەرکەوت.

٥-ئاشکرا بوو کە لە بەلآگلاندنی خودایی سەرچاوەی ئەو بەلآو ئەشکەنجەو بێئومێدییەیە کە تاقیکراوە پێیدا تێپەردەبێت. ئارەزووە بەهێزەکەی ئیبراهیم لە رزگارکردنی ئیسحاقو پاراستنیدا سەرچاوەی ئەشکەنجەو مەینەتییەکانی بوو، ئەگەر ئەم ئارەزووە بەهێزەیشی نەبووایە تاقیکردنەوەکەی شایستەی ئەم هەموو بایەخپێدانە نەدەبوو، چونکە بەوە شتێکی پێشکەش بە خوا دەکرد کە زۆر کەم لای ئازیزەو ونکردنی بەلآیەکی مەزنی پێك نەدەهێنا، هەمان شتیش بەلایەن ئیبلیسەوە. کاتێك خوا ئیبلیسی تاقیکردەوە، ئیبلیس هەستی بە ئارەزوویەکی سەرکەش دەکرد تاوەکو مل بۆ فرمانی کڕنووشبردن کەچبکاتو تا ئەوپەڕی رادەیش بەلایەوە گران بوو ئەم ئارەزووە لە پێناوی بەدەستەوەگرتنی هەقیقەتی تاکخواییدا بکاتە قوربانی، ئەگینا شتێکی کردووە بە قوربانی کە لە ئەسڵدا خۆی زۆر کەم مەیلی لێی هەبووە. ئیبلیسو ئیبراهیم دەیانزانی خوا تاقییان دەکاتەوەو داوای قورسترین جۆری قوربانیو هەرە گرانەکەیانیان لێدەکات، بەلآم هیچ قوربانییەك لە پێناوی خوادا بەلایانەوە قورس نییە، لەبەر ئەوە ئیبلیس کڕنووشبردنی رەتکردەوەو ئیبراهیم رایەڵە باوکایەتیو مرۆییەکانی رەتکردەوە.

کاتێك نەهامەتییەکەی ئیبلیسمان لەسەر ئاستی تراژیدیا شیتەڵکردەوەو بە چیرۆکی ئیبراهیمو شانۆیی ئەنتیگۆنامان بەراوردکرد، ئاماژەمان دا بەوەی کە نەهامەتییەکەی ئیبراهیم بەهۆی ئەو بەرانە بەناوبانگەو بە هۆی بوارنەدانی بوونی تراژیدیای راستەقینەوە لە ئاییندا نەیتوانی بگاتە ئاستی تراژیدیا، هەروەها ئەوکاتە وتمان نەهامەتییەکەی ئەنتیگۆنا لەو بایەخ بەرزترە، چونکە تراژیدیایەکی راستەقینە بەرجەستەدەکات، بەلآم نەهامەتییەکەی ئیبلیسمان بە تراژیدیای تراژیدیاکان دانا، چونکە بە رۆشنترین وێنەو بەو پەڕی سنوورو بە ئەوپەڕی ماناوە گوزارشت لە تراژیدیا دەکات. وەلێ کاتێك لەسەر ئاستی ئەزموونی ئایینی لەم بابەتە دەکۆڵینەوە ناچاردەبین ئەو پۆلێنکردنە بگۆڕین و پۆلێنکردنێکی نوێ، کە لەگەڵ لۆژیکی ئایینو هەڵوێستی لە تراژیدیا بگونجێت، لەبری دابنێین. ئەگەر بتوانرایە هەقیقەتەکەی ئیبلیس بە تەنیا لەسەر ئاستی تراژیدیا دەربخرایە ئەوا لەگەڵ پۆلێنکردنی یەکەمدا سەرقاڵییەکەمان تەواودەبوو، بەلآم پۆلێنکردنە نوێکە نەهامەتییەکەی ئەنتیگۆنا دەخاتە خوارەوەی ریزبەندییەکە، چونکە ئەزموونەکەی هەڵبژاردنی نێوان دەسەلآتی کاتیو فرمانی ئاسمانی بەسەردا سەپاندو هەریەکەیشیان دەگەڕێنەوە بۆ سەرچاوەیەك کە جیاوازە لە سەرچاوەکەی ئەوەی تریان. لەکاتێکدا دەبینین ئەزموونەکەی ئیبراهیم ناوەڕۆك گرنگترو کاریگەریی بەهێزترە، چونکە لە نێوان فرمانی راستەوخۆی خواو ئەو ئەرکە باوکایەتیو ئیلتزاماتە مۆڕاڵیو مرۆییانەی ئیبراهیم باوەڕی وابوو پیرۆزنو لە لایەن خواوە نێردراون سەرپشککرا. واتە هەڵبژاردنەکەی لە نێوان دوو فرماندا بوو کە لەیەك سەرچاوەوە


هەڵقولاون ئەویش خوایە، بەڵام ئەزموونەکەی ئیبلیس بریتییە لە ئەزموونی ئەزموونەکانو لەهەموویان بایەخ مەزنترو لە هەموویان تاڵترە، چونکە ئەزموونەکە لە نێوان داخوازییەکانی ویستی خودایی لە لایەکو لە نێوان فرمانی راستەوخۆی خوادا لە لایەکی ترەوە ناچاری هەڵبژاردنی کرد. واتە پێویست نەبوو لەسەر ئیبلیس لە نێوان دنیاییو ئەزەلیدا هەڵبژاردن بکات وەك ئەوەی لەسەر ئەنتیگۆنا پێویست بوو، هەروەها پێویست نەبوو لەسەری لە نێوان خوداییو مۆراڵیدا هەڵبژاردن بکات وەك ئەوەی لەسەر ئیبراهیم پێویست بوو، بەڵکو پێویست بوو لەسەری لەنێوان خودایی و خوداییدا یان لە نێوان ئەزەلیو ئەزەلیدا هەڵبژاردن بکات لەبەر ئەوە لە بەڵاگلاندنەکەی لە توانابەدەرەو بەڵاکەی ئەندازە ناکرێتو بێئومێدییەکەی وەسف ناکرێت.

لە بنەما بنچینەییەکانی تاقیکردنەوەی ئایینی سەرکەوتوو ئەوەیە تاقیکراوە بە تەواوی بێئاگا بێت لەو کۆتاییەی تاقیکردنەوەکەی پێیدەگات، ئیتر ئەو کۆتاییە لە بەرژەوەندییدا بێت یان نەبێت. جا ئەگەر ئیبراهیم بۆ تەنیا ساتێك هەستی بکردایە لەبری ئیسحاق بەرانێك سەردەبڕێت ئەوا نەهامەتییەکەی تاقیکردنەوە نەدەبوو، بەڵکو گاڵتەجارییەك دەبوو، ئەگەر ئەیوب لەسەر ئارامگرتنی لەسەر ئەو بەڵایانەی خوا تێوەی دەگلاند پێشبینیی قەرەبووکردنەوەی بکردایەو بە هیوای ئەو خۆشییەی لە دواییدا دێت گرفتەکانی لە ئەستۆ بگرتایە ئەوا تاقیکردنەوەکەی هەموو ماناو هەموو ناوەرۆکەکانی وندەکردو لە تاقیکردنەوەکەدا شکستی دەخوارد. ئەگەر رۆژێك بە خەیاڵی ئیبلیسدا بهاتایە کەوا نەفرەتەکەی ئەبەدی نییە یان کۆتاییە هەمیشەییەکەی دۆزەخو نەگریسترین چارەنووس نییە ئەوا نەهامەتییەکەی لە تاقیکردنەوەیەکی لێواولێوی تراژیدیاوە بۆ شانۆییەکی کۆمیدی هەڵدەگەڕایەوە. بە دەربڕینێکی تر لە پێشمەرجییەکانی تاقیکردنەوەیەکی سەرکەوتوو ئەوەیە تاقیکراوە بڕوایەکی پتەوی گومان لێنەکراوی هەبێت بەوەی تاقیکردنەوەکەی کۆتاییەکی کۆستباری دەبێتو ئەوکاتە شادمانییەکەی چەندە مەزندەبێت کاتێك بۆی ئاشکرادەبێت کەوا کۆتاییەکی ئاسوودەیی لێوە کەوتووەتەوە، هەروەك ئەوەی بەسەر ئیبراهیمدا هات کاتێك کوڕەکەی بۆ گەڕایەوەو وەك ئەوەی ئەیوب کە خوا چەند قات سامانو نەوەکانی بۆ گەڕاندەوە. جا بەگوێرەی ئەوەی خوا لەسەر ئارامگرتنو سەرکەوتنو قایمراگرتنی ئەرکە رەهاکە بەرامبەر بە خوا پاداشتی ئیبراهیمو ئەیوبی دایەوە ئەوا دەشێت ئەنجامگیری ئەوە بکەین کە پاداشتی ئیبلیس لەسەر سەرکەوتنو قوربانیدانەکەی دەداتەوەو هەچ زیانێکی قورسی لێکەوتووەو هەچ دەردەسەرىو بەڵاو نامۆبوونێکی چێژتووە بۆی قەرەبوو دەکاتەوە، بەڵام ئەگەر ئەم ئەنجامگیرییە راست بێت ئەی بۆچی تاوەکو رۆژی دوایی نەفرەتی لێکرد؟ وەڵامەکەی ئاسانە: تاوەکو رۆژی دوایی نەفرەتی لێکرد، چونکە تاقیکردنەوە (ئەزموون) ئەوە دەخوازێت، بۆ نموونە ئەگەر ئیبلیس بڕوای وا بووایە ئەو نەفرەتەی لێی کرا کاتی بوو ئەوا هیوای گەڕانەوەی بۆ بەهەشت دەخواستو ئەزموونەکەی ماناو ناوەرۆکەکەی لەدەستدەدا، چونکە قایمراگرتنی هەقیقەتی تاکخوایی، وێڕای بێئومێدیی تەواو لە دەربازبوونی، بەڵگەی بە سەرکەوتوویی تێپەڕاندنی تاقیکردنەوەکەیە، بە تەواوی هەروەکو ئەوەی بێئومێدیی ئیبراهیم لە رزگارکردنی ئیسحاقو کێرد لەسەر گەردن دانانی بەڵگەی ئاشکرای سەرکەوتنیەتی لەو بەڵایەی خوا تێوەی گلاندووە. بە دەربڕینێکی تر نەفرەتە ئەبەدییەکە چارەنووسی راستەقینەی ئیبلیس دەرناخات، هێندەی ئەوەی بەشێکی لێدانەبڕاوی تاقیکردنەوەکەی پێکدەهێنێت، بەڵام چارەنووسە راستەقینەکەی ئەوە مەسەلەیەکە پێویستە تاوەکو کاتی ئاشکراکردنی دێت وەك نهێنییەکی شاراوە لە ئیبلیس بمێنێتەوە، بەتەواوی هەروەکو چۆن چارەنووسی ئیسحاق تاوەکو کاتی گونجاوی ئاشکراکردنی هات نهێنییەکی شاراوە بوو لە ئیبراهیم، هەروەها ناشێت ئیبلیس هەتاهەتایە، پاش بە سەرکەوتوویی تێپەڕاندنی تاقیکردنەوەکە، بە نەفرەت لێکراوی بمێنێتەوە، چونکە مانەوەی لەو بارەدا تراژیدیایەکی گەورەو راستەقینە لە گەردووندا پێکدەهێنێت. لۆژیکی ئایینیش، وەك چەندجارێك ئاماژەی پێکرا، هەرگیز بواری ئەوە نادات.

هەروەك چۆن تێگەیشتنمان لە كەسایەتیی ئیبلیس لەسەر ئاستی تراژیدیا هەقیقەتە تەواو و كامڵەكەیمان بۆ دەرناخات، هەمان شتیش بە لایەن شیكردنەوەی كەسایەتییەكەی لەسەر ئاستی تاقیكردنەوەو لە بەڵاتێوەگلان، لەگەڵ ئەوەی كە ئاستی تاقیكردنەوە بە شێوەیەكی باشترو قوڵتر لە هەر یەكێك لەو ئاستانەی باسمان كردن لە هەقیقەتەكەی نزیكمان دەخاتەوە. لەپێناوی ئەوەی بگەینە هەقیقەتی تەواوی ئیبلیسو پایە كردەوەییەكەی لە گەردووندا پێویستە لەسەرمان پەیوەندییە جەوهەرییە راستەوخۆكەی بە ویستی خوداییەوە دیاری بكەین. چەندە بگەڕێم گوزارشتكردنێكی باشتر دەربارەی پەیوەندیی راستەقینەی ئیبلیس بە ویستی خوداییەوە لەو گوزارشتكردنەی ئیمامی مەقدەسی لەم چەند دێرەی خوارەوەدا دایڕشتووە نادۆزمەوە، كە تێیدا لەسەر زمانی ئیبلیس دەڵێت: (وەك ئەوەی خۆی ویستی خولقاندمی، بۆ ئەوەی ویستی دروستی كردم، لەوەی خۆی ویستی بەكاری هێنام، قەدەری ئەوەی خۆی ویستی بەسەرمدا سەپاندو نەمتوانی شتێكم بوێت بێجگە لەوەی ئەو ویستی. سنووربەزێنیم نەكردووە لەوەی ئەو ویستی. شتێكم نەكردووە بێجگە لەوەی ئەو ویستی. ئەگەر بیەوێت دەمگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی خۆی ویستی. ڕێنوێنی (هیدایەتی) ئەوەی دەكردم كە خۆی ویستی، بەڵام ئەوەی ویست. منیش ئەوە بووم وەك ئەوەی خۆی ویستی... جا كێ لە دادا یارمەتیدەرم دەبێت؟ كێ شانوشكۆم لە قەدەر دەپارێزێت؟ بەڵام هەموو ئەوەی لە مندا ئەو پێی رازییە، من لەسەر سەرو چاوم پێی رازیم. ئەرێ تۆ، تەگبیری كەسێك چییە كە دامێنی لە مستی قەدەرو دڵی لە دەستی قەدەردایە؟ مەسەلەكەیشی دەگەڕێتەوە بۆ فرمانی پێشینەو فرمانیش دەركراوەو پێنووسەكەیش وشك بووەتەوە)(٣٢).

بە دەربڕینێكی تر ئیبلیس دەستكردی ئیرادەی خوایيو ملكەچی بڕیارەكانيو جێبەجێكاری داخوازییەكانی بوو، كاتێكیش یاخیبوونو سەرپێچیكردنی هەڵبژارد تەنیا ئەوەی هەڵبژارد كە خوا لە ئەزەلەوە بۆی هەڵبژارد بوو. لەوەدا بەكارهێنراوە كە خوا لەسەری نووسیوەو لە نێو مستی بەتواناییدایەو بەوەیش مەسەلەی فرمانو نەهیكردنەوە بەلای ئیبلیسەوە پوچەڵ بووەتەوە، لە كاتێكدا دەزانین ئەو بەڵگەیەی ئیبلیسی لەسەر دەركرا متمانە دەكاتە سەر فرمانپێكردنو نەهیكردن (الامر والنهی). ئیمام مەقدەسی لە روونكردنەوەی پایەی راستەقینەی ئیبلیسو مەبەستی خودایی لە دەركردنیدا درێژەی پێدەداتو لەسەر زمانی ئیبلیس دەڵێت:

(ئەرێ تۆ. پێتوایە هەڵەم لە تەگبیردا كردووە، بڕیاردانەكەیم رەتكردەوەو گۆڕان گۆڕیومی. نا، سوێند بە بەرزیی عیزەتو رەسەنی تواناكەی، بەڵام ئەو خۆی جوانيو ناشرینی، ڕێگەی راستو راستی خولقاندووە. شتێكو دژەكەی پێكەوە كۆكردووەتەوە. تاوەكو تۆكمەیی تواناكەی نیشان بدات. شتەكان تەنیا بە دژەكانەوە دەناسرێن. سەرەتا وایلێكردم لە دەستەی بوونەوەرە باڵاكاندا شتە باشەكان فێربیبمو بۆ فریشتەكانی رۆشنبكەمەوەو گەردوونەكانی پێ بڕازێنمەوە. ئەوسا مامۆستای تاكخوایی بووم. كاتێك منداڵانی قوتابخانەكە نموونەكانی تاكخواییان لەبەركردو پیتەكانی پەرستنو پیرۆزكردنیان دەستكەوت، لە جیهانی باڵاوە گواستمیەوە بۆ جیهانی خوارەوە، تاوەكو دژی ئەوەیان فێر بكەمو ناشرینەكانیان بۆ دەربخەمو بۆیانی بڕازێنمەوە. بە هۆی منەوە جوانو ناشرین ناسرا. ڕێگەی راستو راستی جیاكرایەوە. من لە زەویو ئاسماندام. شارەزای شارەزاكانم. مامۆستای زاناكانم. من موعجیزەی بەتوانایيم، بینەری حوزووری داناییم. كێ لە حوزووردا لە من نزیكترە. كێ لە ناوهێناندا لە من بەناوبانگترە. ئەوە شكۆیە بۆ من كە ناوی بردم، هەرچەندە نەفرەتیشی لێكردم. شانازییە بۆ من سەیری كردم، هەرچەندە دەریشی كردم. لەبەر شارەزاییم لێی حاشای لێكردم. لەبەر سەرسامیم بەو، سەرسامی كردم. لەبەر دڵسوتاویم بۆی، گۆڕیمی. لەبەر خزمەتكاریكردنی سەرشۆڕی كردم. لەبەر دۆستایەتیم بێبەشی كردم. ئێستایش كاتم پوختترە. وەزعم لەگەڵیدا باشترە، چونكە ئەوسا لەبەر چارەنووسی خۆم خزمەتم دەكرد، بەڵام ئێستا لەبەر چارەنووسی خۆی خزمەتی دەكەم. چارەنووسەكە لە بەڵگەكە بەرزتربووەوە. تۆیش پێت وایە ئەوە كەلێنە. جا ئەگەر لەبەرچاو كەوتم، ئەوە كەوتوومەتە بینایی چاوەوە)(٣٣).




(٥)

ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەم تەرخاندەکەم بۆ تەقەللای دۆزینەوەی لێکدانەوەیەکی ئاینیی گونجاو بۆ هەندێك لەو ناکۆکییانەی لە بەشەکانی پێشەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتنو بۆ وەڵامدانەوەی هەندێك لەو پرسیارە گرنگانەی هێشتا بێ وەڵامن، ئەمەی خوارەوەیش گرنگترینی ئەو ناکۆکیو پرسیارانەن.

١) کاتێك پرسیم، بۆچی فرمان بە ئیبلیس درا کڕنوش بۆ ئادەم بەرێت، لە وەڵامدا وتم: چونکە خوا ویستی تاقیبکاتەوەو بەڵای تێوەبگلێنێت، هەروەك چۆن پاش ئەویش ئیبراهیمو ئەییوبی تاقیکردەوە، ئەو پرسیارەی ئێستا لەبەردەمماندا قووتدەبێتەوە ئەمەیە: بۆچی خوا فریشتەو بەندەکانی تاقیدەکاتەوە کە ئەو خۆی هەموو شتێکی ئاشکراو شاراوەی ئەوان دەزانێت؟ ئایا دەتوانین بۆ نموونە خەسڵەتێك لە خەسڵەتەکانی خوا دیاریبکەین کە خوا بەرەو تاقیکردنەوەی بەندەکانی خۆی دەبات؟ یان ڕاشکاوتر، پێویستە ئەم مەیلەی لەبەڵاتێوەگلاندنی بەندەکان بدەینە پاڵ چ خەسڵەتێك لە خەسڵەتەکانی زاتی خودایی؟

٢) کاتێك لە سەرەتای ئەم لێکۆڵینەوەیەدا ویستو فرمانمان لێکتر جیاکردەوە، ئاماژەمان کرد بەوەی خوا هەندێکجار فرمانی شتێك دەدات، کەچی دەستەبەربوونی شتێکی تری ویستووە. ئاخۆ هیچ لێکدانەوەیەکی ئایینی بۆ ئەم ناکۆکییەی هەڵسوکەوتەکانی خوا هەیە؟

٣) بینیمان ئیبلیس، ئەویش وەك باقی بوونەوەرەکانی تر کەوتووەتە نێو مشتی بەتوانایی خواو بە تەواوی ملکەچی قەدەرەکەیو بڕیارەکانی ویستی خوایە، ئەمەیش کاریگەری فرمانپێدانو نەهیکردنی بەسەردا پوچەڵ دەکاتەوە. ئەگەر ئەم قسەیە ڕاست بێت ئەی بۆچی بە پاساوی فرمانو نەهیکردن لە بەهەشتی دەرکرد؟ ئەمە سەرباری ئەوەی خوا لە ئەزەلەوە بڕیاری داوە کێن دەستەی بەهەشتو کێن دەستەی دۆزەخ. بەڵگەی ئایینی لەسەر ئەوە زۆرە، ئەم فەرموودە قودسییەی خوارەوە بە نموونە دەهێنمەوە: (خوای گەورە مشتێکی

هەڵگرتو وتی بە بەزەیی خۆم ئەمانە بۆ بەهەشتو گوێیشی نادەمێ، مشتێکی تری هەڵگرتو وتی ئەمانە بۆ دۆزەخو گوێیشی نادەمێ)(٣٤)، بەڵام وێڕای ئەوەیش خوا کتێبی دابەزاندو پەیامبەرانی ناردو ڕێی کردن لە فرمانپێدانو نەهیکردنو حەڵاڵو حەرامی لێکتر جیاکردەوە، ئەی کەواتە سوودی ئەوانە بۆ کەسێك چییە کە ناچاری حیکمەتەکەی بێتو لەوەدا بەکاربهێنرێت کە لە چارەی نووسراوە.

٤) ئەگەر خوا دروستکاری هەموو شتەکان بێتو بڕیاردەری چاکەو خراپەی سەر بەندەکانی بێت، بۆچی ویستی خەڵك بڕوا بکەن بەوەی ئیبلیس هۆکاری خراپەو یاخیبوونەو بۆچی ویستی تاوانی ئەوانەی بۆ خراپەکاری دروستکردوونو خراپەی لە دەستیان وەشاندووەتەوە بخاتە سەر شانی ئیبلیس؟ ئایا دەتوانین ئەم ناکۆکییە، بە گەڕاندنەوەی بۆ یەکێك لە خەسڵەتە ناسراوەکانی خوا شیبکەینەوە؟

بڕوام وایە ئەو خەسڵەتەی بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە بە دوایدا دەگەڕێین بریتییە لە خەسڵەتی فێڵ/ فریوودان (المكر)، ئەمەیش هەندێك لەو ئایەتانەی سروشتی ئەو خەسڵەتە ڕۆشندەکەنەوە:

١) (ومكروا ومكر الله والله خير الماكرين) (ال عمران ٥٤).

٢) (وإذ يمكر بك الذين كفروا ليثبتوك أو يقتلوك أو يخرجوك ويمكرونء يمكر الله والله خير الماكرين) (الانفال ٣٠).

٣ ) (وإذا أذقنا الناس رحمة من بعد ضراء مستهم اذا لهم مكر في اياتنا قل الله اسرع مكرا، ان رسلنل يكتبون ماتمكرون ) (يونس ٢١).

هەروەها دەبینین هەندێك ئایەتی تر خەسڵەتێکی هاوچەشن دەدەنە پاڵ زاتی خودایی، ئەویش خەسڵەتی گاڵتەپێکردنە(الاستهزاء)، وەك خوا دەڵێت (خوا گاڵتەیان پێدەکاتو کۆمەکیان دەکات تاوەکو لە زۆرداریيەکەياندا نوقم بن) (البقره ١٥). هەندێك ئایەتی تر بەبێ ناوبردنو تایبەتکردنی فێڵی خودایی هەمان مانایان باسکردووە، وەك لەم ئایەتانەی خوارەوەدا:

١) (با ئەوانەی کفریان کرد پێیان وا نەبێت لەبەر خۆیان چاکەیان بەسەردا دەبارێنین، بەڵکو چاکەیان بۆ زیاتر دەکەین تاوەکو تاوانی زۆرتر بکەنو ئەشکەنجەیەکی ریسواکارانەیان دەبێت) (ال عمران ١٧٨).

٢) (ئەگەر ویستمان دێیەك وێران بکەین، فرمان بە ساماندارەکانی دەدەین، داوێنپیسیی تێدا بکەن ئەوجا بڕیاردان بەسەریدا هەق بووە). واتە ئەشکەنجەدانیان پێویستە (الاسراء ١٦).

٣) (مونافیقەکان دەیانەوێت خوا بخەڵەتێنن، بەڵام ئەو دەیانخەڵەتێنێت)) (النساء ١٤١).

لە تەفسیرکردنی تەبەرییەوە بۆ ئەو ئایەتە ناوبراوانە ئەمانەی خوارەوە پوختە دەکەین:

أ) فێڵ گاڵتەپێکردنو فریودانی تێدایە(٣٥).

ب) فێڵ شتێك نیشانی کەسێك دەداتو شتێکی تری بۆ شاردووەتەوە، لەبەر ئەوە:

(لەدنیادا هەندێك بڕیاریان نیشاندەدات کە جیاوازن لەوانەی ئەودنیا)(٣٦).

ج) چاکەباراندنی خوا بەسەر خەڵکدا، واتە (تەمەنو کامەرانیو سامانیان زۆرتر دەکات، تاوەکو کتوپڕو لە باری لەخۆدڵنیابوونیاندا لێیان بسەنێتەوە)(٣٧).

د) کاتێك خوا وتی: (ئەگەر ویستمان دێیەك وێران بکەین فرمان بەساماندارەکانی دەدەین داوێنپیسیی تێدا بکەن ئەوجا بڕیاردان بەسەریدا هەق بووە)، ویستوویەتی دێیەك کاول بکات، بەڵام بۆ ئەوەی بەندەکان بەڵگەیەکیان نەبێت لەسەر ئەوەی ویستوویەتی، پەنای بردووەتە بەر فێڵو فرمانی بە ساماندارەکانی داوە داوێنپیسیی تێدا بکەن، تاوەکو وەها بێتە بەرچاوی خەڵك هەروەك ئەوەی دێکە شایستەی ئەو کاولکردنە بووبێت، بەڵام هەقیقەت شتێکی ترە.

ئەبو تالبی مەکیی، بیرۆکەی فێڵی خودایی شیدەکاتەوەو بە هەموو ڕۆشنییەکەوە بە بەڵاتێوەگلاندنی

بەندەکانییەوە دەبەستێتەوە، لە کتێبە بەناوبانگەکەی (قوت القلوب- خۆراکی دڵان)دا ئەمەی خوارەوە دەڵێت: (ئەبی محەمەد سەهل خوالێیخۆش بێت، بۆی باسکردین وتی خەونم بینی وەك ئەوەی منیان خستبێتە بەهەشتەوە، لەوێدا سێ سەد پەیامبەرم بینی، لێم پرسین ئەو شتە چی بوو کە لە دنیادا لە هەموو شتێکی تر زۆرتر لێی دەترسان، وتیان خراپ کۆتاییهاتن ئەویش لە فێڵی خواوەیە کە نە وەسف دەکرێتو نە پەی پێدەبرێتو نە متمانەی لەسەر دەکرێتو نە فێڵەکەی کۆتایی هەیە، چونکە ویستو بڕیارەکانی هیچ مەبەستێکیان نییەو یەکێك لەوانەیش ئەو هەواڵە بەناوبانگەیە کەوا پەیامبەر (سلاوی خوای لێبێت) و جوبرەئیل لەترسی خوا گریان، خوایش پێی ڕاگەیاندن کە من دڵنیاییم پێداون بۆچی دەگرین، وتیان جا کێ لە فێڵی تۆ دڵنیایە، جا ئەگەر نەیانزانیایە فێڵەکەی بێکۆتاییە، چونکە حوکمەکەی هیچ مەبەستێکی نییە، نەیاندەوت جا کێ لە فێڵی تۆ دڵنیایە، هەرچەندە وتوویەتی: من دڵنیاییم پێداون، کە پێویستبوو بەو قسەیە فێڵەکەی کۆتایی بهاتایەو دەبووایە بگەیشتنایەتە دوا فێڵی، بەلام ئەوان لە باقی فێڵەکانی تری ترسان کە لەوان شاراوەیە.. هەروەك ئەوەی لەوە ترسابن کەوا قسەکەی خوا (لە فێڵم دڵنیام کردن) دیسان فێڵێکی تر بێت.. کە بەوە وەزعیان تاقی دەکاتەوە.. هەروەك ئەوەی ئیبراهیمی تاقیکردەوە (سلاوی لێبێت) کاتێك لە ئاسمانەوە بەریدایەوە بۆ ناو مەنجەنیقو ئیبراهیم وتی (حسبی الله ربی)، جوبرەئیل سلاوی لێبێت ڕێی پێگرتو وتی پێداویستییەکت هەیە، وتی نەء، وەك وەفایەك بۆ وتەکەی (حسبی الله) بەوەیش بەکردەوە ڕاستیی وتەکەی سەلماند)(٣٨).

پاش ئەم پێداچوونەوە خێرایەی بیرۆکەی فێڵی خودایی دەتوانین بڵێین خوا ڕازیبوونێکی نیشانی ئیبلیس دەدا، جیابوو لەو چارەنووسەی بۆی دەیویستو لەو قەدەرو نەهامەتیو کۆتاییەی بۆی شاردبووەوە. واتە فێڵی لێکرد، بە ڕووکەش فرمانی پێدا کڕنووش بۆ ئادەم بەرێت، بەلام لە ژێرەوە ویستی سەرپێچیی فرمانەکە بکات تاوەکو بەڵگەیەکی لەسەر ئیبلیس هەبێتو ئەوەی بەسەر بێنێت کە خۆی دەیەوێتو قەزاوقەدەرەکەی بەسەردا جێبەجێبکات. کەواتە فرمانی بەلا تێوەگلاندنەکە تەنیا ئامرازێکی فێڵی خودایی بوو، مەبەستەکەی جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ویستو پاساودانەوەی بوو لەبەردەم بوونەوەرەکانیدا، تاوەکو بەوە لە بەرچاویاندا ڕەوا ببێتو ئیدی بەڵگەیەکیان نابێت لەسەر ئەوەی پێیان دەکات. هەروەك ئەبو تالیبی مەکی وتی: ویستو بڕیارەکانی مەبەستیان نییە، بەلام فێڵی خودایی خۆی تێهەڵدەقورتێنێت تاوەکو مەسەلەکان بە شێوەیەکی تری جیاواز لەوەی هەن بێنە بەرچاوی بەندەکان، واتە بۆ ئەوەی ویست والێبکات وەك ئەوەی مەبەستو پاساو و هۆی هەبێت. لەبەر ئەوە خوا فێڵی لە فریشتەکان کردو وای نیشان دان وەك ئەوەی ئیبلیس لەسەر هۆیەکی شایستە دەرکراوە ئەویش یاخیبوونە، جا ئەگەر ئەم تەگبیرە فێڵاوییە نەبووایە فریشتەکان لە ئاست دەرکردنی سەرۆکەکەیاندا ناڕازی دەبوون زۆر زۆرتر لەوەی کە بە قسەی: (من لە زەویدا جێگرێك دروست دەکەم) ناڕازی بوون. ئەوکاتە نەیاندەتوانی، بەبێ یارمەتیدانی بەهانەکانو لێکدانەوەکانی فێڵ، بەرگەی بڕیارەکانی ویستی خودایی بگرنو ڕاستەخۆ ڕووبەڕووی دەبوونەوە. لەبەر ئەوە بە بیانووی فرمانپێدانو نەهیکردن، نەك بە بیانووی پیادەکردنی ویست، لە بەهەشتی دەرکرد، هەروەها لە لایەنی عەمەلییەوە، وا باشترە بۆ بەندەکان بڕوایان هەبێت کە ئیبلیس لە فرمانی خوا یاخیبووەو بە هۆی کەللەڕەقییەکەیەوە دەریکرد، چونکە ئەگەر بەڕاستی بەندەکان باوەڕیان هەبێت بەوەی خوا هەر لە ئەزەلەوە بڕیاری ئەم چارەنووسە نەگریسەی بەسەردا داوە ئەوسا مێشکیان بەرگەی ئەم حیکمەتەی نەدەگرت و سەریان لێ تێکدەچوو و نەفرەتیان لە دادپەروەریو بەزەییەکەی دەکرد. لەبەر ئەوە پێموایە ئیمام مەقدەسی بەتەواوی ڕاستی پێکاوە کاتێك ئەمەی خوارەوەی دەربارەی ئیبلیس نووسیوە: (ئەگەر یەکێکیان گوناهی کرد دەڵێن شەیتان گوناهی پێکرد. ئەگەر یەکێکیان شتێکی لەبیرچوو دەڵێن شەیتان لەبیری بردووەتەوە. ئەگەر یەکێکیان کەتنێکی کرد دەڵێن ئەوە کاری شەیتانە. من بارهەڵگری (حەماڵ) تاوانی تاوانبارانو بارهەڵگری قورسایی هەڵەکارانم)(٣٩).

بینیمان ئەبو تالیبی مەکی تاقیکردنەوەکەی ئیبراهیمو فێڵی خودایی پێکەوە بەستەوە چونکە کاتێك ئیبراهیم لە سەروەختی کەوتنە ناو ئاگرەکەدا بوو، بە گوتەی (حسبی الله ربی) بەتەواوی پشتی بە خوا بەستبوو. خوا ویستی پابەندبوونی بەو پشت پێبەستنە تاقیبکاتەوە، فێڵێکی لێکرد بەوەی جوبرەئیلی بۆ نارد تاوەکو ئامادەیی کۆمەکپێکردنی نیشانبدات. واتە ناردنی جوبرەئیل فریودانێك بوو بۆ سەرپێچیکردن لە پشت بە خوا بەستنەکەی، بەڵام ئەو کۆمەکپێکردنی فریشتەکەی رەتکردەوەو لە تاقیکردنەوەکەدا سەرکەوت، بەوەیش ئاگر فێنکیو سەلامەتی بوو بۆ ئیبراهیم. بە دەربرینێکی تر، خوا هەر لە مێژەوە ویستوویەتی ئیبراهیم یەکێك لە میوانانی بەهەشتو لە پەیامبەرە چاکەکانی بێتو لەبەر ئەوەیش تووشی بەڵای کرد، تاوەکو هیچ یەکێك لە بوونەوەرەکانی پەڵپ نەگرن لەسەر ئەو قەدەرو چارەنووسەی بۆ ئیبراهیمی ویستووە، بەڵام بەلایەن ئیبلیسەوە، خوا هەر لە ئەزەلەوە ویستوویەتی لە نێو دەستەی بوونەوەرە باڵاکاندا مامۆستای تاکخواییو لە جیهانی خوارەوەدا مامۆستای خراپەکاریو یاخیبوون بێت، لەبەر ئەوە تووشی بەڵای کردو فێڵی لێکرد تاوەکو هیچ کەسێك بیانووی نەبێت لەسەر ئەو چارەنووسە نەگریسەی بۆ ئیبلیسی ویستووە.

هەرچەندە خوا لە ئەزەلەوە بڕیاری داوە کێن ئەوانەی دەچنە بەهەشتو کێن ئەوانەی دەچنە دۆزەخ، کەچی پەیامبەرانی نارد، کتێبی دابەزاندو پرسیکردن لە فرمانو نەهیکردن، حەڵاڵو حەرامی لێکتر جیا کردەوە تاوەکو نیشانی بەندەکانی بدات کەوا ئاسوودەییو دەردەسەرییان بەندە بە رەفتارو هەڵبژاردنەکانیان لە شوێنکەوتنی پەیامبەرەکانیو وابەستەبوونی دەستوورەکانیدا، بەوەیش هیچ بیانوویەکیان نابێت لەسەر ئەو چارەنووسەی لەسەری نووسیوون (کێی بووێت هیدایەتی دەکاتو کێی بووێت سەری لێ تێکدەدات، پرسیار ناکرێت لەوەی دەیکات، بەڵکو ئەوە بەندەکانە پرسیاریان لێدەکرێت). ئەمەیش واتە ناردنی پەیامبەرانو دابەزاندنی کتێبو جیاکردنەوەی نێوان حەڵاڵو حەرام تەنیا هۆکارەکانی فێڵەکەیەتی بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ویستەکەی بەسەر بەندەکانیدا، هەروەك ئەو دێیەی خوا ویستی کاولی بکات ئیتر فرمانی بە ساماندارەکانی دا داوێنپیسییان تێدا کردو ئەمانیش هەروەك ئەوانەی خوا خێروبێری بەسەردا دەبارانن تاوەکو تاوانی زیاتر بکەنو ئەشکەنجەیەکی ریسواکارانەیان هەبێت. هەرچەندە ئیبلیس ملکەچی حیکمەتەکەی خوا بووەو لە ئاست خوای خۆیدا بێ توانا و بێ هێز بوو، بەڵام خوا تاوەکو بەهۆی فرمانی کڕنووشبردنەکەوە فێڵی لێنەکرد ویستەکەی خۆی بەسەردا پیادەنەکردو نەفرەتی لێنەکرد. ئیتر وەها بۆ هەموو لایەك دەرکەوت هەروەك ئەوەی ئیبلیس بەرپرسیار بووبێتو ئەم سزایەی شایستە بووبێت.

چەندجارێك دووبارەمان کردەوە خوا خۆی دروستکاری چاکەو خراپەیە بە بەڵگەی ئەو فەرموودە قودسییەی دەڵێت: (خوای گەورە دەڵێت بێجگە لە من هیچ خوایەکی تر نییە، چاکەم خولقاندو چارەنووسەکەیم کێشاوە، خۆش بەحاڵی ئەوەی بۆ چاکەم خولقاندووەو چاکەم بۆی خوڵقاندووەو چاکەم لەسەر دەستی کێشاوە، من خوامو بێجگە لە من هیچ خوایەکی تر نییە، خراپەکاریم خوڵقاندو چارەنووسەکەیم کێشاوە، قوڕ بەسەر ئەوەی بۆ خراپەم خولقاندووەو خراپەم بۆی خوڵقاندووەو خراپەم لەسەر دەستی کێشاوە)(٤٠).

بەڵام لە فێڵەکانی تری ئەوەیە کە ویستوویەتی بەندەکان باوەڕ بە شتێکی تر بکەن، بەوەی نەنگیو ناشرینییەکان یان بۆ خۆیان بگەڕێننەوە هەروەك ئادەم کە وتی: (خوایە زوڵممان لە خۆمان کرد)، یان بۆ دەستێوەردانو فریودانی ئیبلیسی بگەڕێننەوەو چاکەو دادو بەزەیی بۆ خوا بگەڕێننەوە، هەروەك ئادەم کە وتی: (ئەگەر لێمان نەبووریتو بەزەییت پێماندا نەیەتەوە دەبینە یەکێك لە دۆڕاوەکان). سەرباری ئەوەیش، لە لایەنی عەمەلییەوە، وەها باشترە بۆ بەندەکان کە بەشێوەیەکی گشتی باوەڕ بکەن بەوەی خوا دوژمنێکی هەیە ناوی ئیبلیسی نەفرەتلێکراوەو سەرچاوەی خراپەو گوناه و تاوانە، چونکە ئەگەر بە راستی باوەڕ بکەن بەوەی خوا خۆی سەرچاوەی ئەو بەڵا و گوناه و دەردەسەرییانەیە کە لە هەموو لایەکەوە دەورەی گرتوون،

ئەوا مێشکیان بەرگەی ئەم هەقیقەتەی نەدەگرت و سەریان لێ دەشێواو نەفرەتیان لە خۆیو بەخششەکانی دەکرد. ئیمام مەقدەسی لەسەر زمانی ئیبلیس ئەمەی خوارەوەی نووسیووە:

(پاش ئەوەیش، ئەو کردمی بە هۆکاری گوناە و بەهانەی دەرکردنی فرمانو نەهیکردن. لە راستیدا فرمانی ئەو بەهانەی نییەو.. بڕیارەکەی چاوپیاخشاندنەوەی نییە. هۆیەك بۆ دووریی دوژمنەکانیو رایەڵێکیش بۆ نزیکی دۆستەکانی نییە. خوای گەورە پێداویستیی بە بەندەکانی نییە.. لە خۆیەوە هەیەو.. بەهۆی بەندەکانییەوە باڵادەستە. نە چاکەی چاکەکاران بە کەڵکی دێتو نە خراپەی خراپەکاران زیانی لێدەدات. بڕیارەکەی جێبەجێ بووە. لەسەر ئەوەی لە مەملەکەتەکەیدا هەیە قەزاکەی دەرچووەو پێنووسەکەی وشك بووەتەوە.. ئەگەر ویستی ئەشکەنجە دەداتو ئەگەر ویستی دەبووڕێت. پابەندی سەلماندنی هەڕەشە نییە، بەڵکو مەسەلەی هەڕەشەکانی بەدەست خۆیەتی، ویستەکەیشی لە هەڕەشەیدایە. دەشێت بەبێ هۆ ئەشکەنجە بدات، بەبێ رایەڵو بەبێ رەنجی شانیش کەسێك ئاسوودە بکات)(٤١).

ئەگەر ئادەم، بەگوێرەی راسپاردەکەی یەسوع (عیسا): (ئەوەی هی تزارە بیدە بە تزارو ئەوەیش هی خوایە بە خوا)، توانیی کەموکوڕییەکە بۆ خۆی یان بۆ ئیبلیس، کە فریوی دا، بگەڕێنێتەوەو داوای لێبووردنو بەزەیی لە خوای خۆی بکات، ئەی پێویستە ئیبلیس یاخیبوونو سەرپێچیکردنەکەی بۆ کێ بگەڕێنێتەوە؟ یان هەروەك ئیبلیس دەڵێت: (جا ئەگەر من ئیبلیسی ئادەم بووبێتم خۆزگە دەمزانی کێ ئیبلیسی من بوو؟)(٤٢). لەبەر ئەوە ئیبلیس سەرپێچیکردنەکەی بۆ سەرچاوە هەقیقیو کۆتاییەکەی گەڕاندەوە بەوەی وتی: (بەو شتانەی فریوت دام) بەوەیش ئەوەی هی خوایە دایەوە بە خواو هیچی نەدا بە تزار، چونکە تزار لای ئیبلیس خاوەنی هیچ نییەو لەوە بێ تواناو بێ هێزترە کە شتێکی بداتە پاڵ، ئەگەر لە بەراوردکردنی هەڵوێستی ئادەم بە هەڵوێستی ئیبلیس بەردەوام ببین، دەبینین ئەگەر ئیبلیس یەکەم پاڵەوانی تراژیدی بووبێت لە گەردووندا، ئەوا ئادەم یەکەم هەلپەرست (ئینتهازی) بووە، چونکە لەبەر ئارەزووی رزگاربوون، ئیتر بەهەرچەشنێك بوو بێت، رەتیکردەوە هەڵوێستێکی ئاشکرا لە نێوان فرمانو ویست دا نیشان بدات، ئەمەیش لەو وەڵامەیدا کە چەند جارێك دووبارەمان کردەوە بە ئاشکرا دیارە، جا ئەگەر (فرمانەکە) راست بێتو ئادەم بەکردەوە لە سەرپێچیکردنەکەی بەرپرسیار بووبێت ئەوا دانی بە تاوانەکەیدا ناوەو داوای لێبووردنو بەخشینی لە خوای خۆی کرد، بەوەیش دەرفەتی رزگاربوونی پێدەدرێت، ئەگەر ویستەکەیش راست بێت ئەوا بەوە بەرپرسیاری سەرپێچیکردنەکەی لێ دوور دەکەوێتەوەو بە تەسلیمکردنی کێشەکەی بە خواو پابەندبوونی بە بەزەییو لێبووردنەکەیەوە رزگاری دەبێت. بە دەربڕینێکی تر، ئادەم کارەکەی دایە پاڵ خۆی بەوەی وتی (خوایە زوڵممان لە خۆمان کرد)و بەرپرسیاریی سەرپێچیکردنەکەی خستە ئەستۆی خۆیو بەوەیش (قەدەرییەك) بوو، ئەوەی نەفیکردەوە خوا زوڵمێکی لە چارەی نووسی بێتو بۆ ئادەمی ویستبێت، کاتێکیش ئادەم وتی: (ئەگەر لێمان نەبووریتو بەزەییت پێماندا نەیەتەوە دەبینە یەکێك لە دۆڕاوەکان) خۆی بە گوریسی بەزەیی گرێدراو بە درەختی ویستەوە ئاڵاندو بەوەیش (جەبرییەك) بوو، کە بەرپرسیاری زوڵمەکەی لە خۆی نەفیکردەوە، چونکە لەم بارەدا وای لێدێت کە خوا هەر لە ئەزەلەوە بڕیاری داوە ئاخۆ بەزەیی بە ئادەمدا دێتەوە یان ئەشکەنجەی دەداتو زوڵمەکە دەبێتە بیانووی خوا بە سەر ئادەمداو ئادەم هیچ بیانوویەکی لە سەر خوا نابێت. کەواتە دەبینین ئادەم لەیەك کاتدا لە رێگەی قەدەرییەتو لە رێگەی جەبرییەتەوە هەوڵی رزگاربوونی داوە، چونکە بەتەواوی نەیزانیوە کامیان لە کۆتاییدا راست دەردەچن، بەڵام ئیبلیس بە وتەکەی (بەو شتانەی فریوت داوم) هەڵوێستێکی دیاریکراوی وەرگرتو هیچ شتێکی نەدایە پاڵ خۆی، بەڵکو هەموو شتێکی بۆ سەرچاوە راستەقینەکەی واتە بۆ ویستی خودایی گەڕاندەوە بەوەیش (جەبرییەکی) دڵسۆز بوو، هەوڵی نەدا وەك ئادەم بە هیوای سلامەتیو رزگاربوون کەڵك لە قەدەریەت وەربگرێت.

هەندێك لە موجتەهیدەكان گەڕاندنەوەی نەنگیو كەموكوڕییان بۆ ویستی خودایی ڕەتكردەوەو وتیان ئیبلیس سەرچاوەی خراپەو خالقی سەرپێچیكردنە(٤٣)، ئەمەیش وەك مەیلیان لە پاكڕاگرتنی خوا لە خولقاندنی خراپەو بڕیاردانی بەسەر بەندەكانیدا. بڕوام وایە ئەم ئیجتیهادە زۆرتر لەگەڵ هەندێك لەو دیدگا فەلسەفیانەیدا دەگونجێت كە بڕیارە موسڵمانەكان پێی كاریگەربوون زیاتر لەوەی لەگەڵ تێڕوانینێكی ئایینی پوختی بابەتەكەدا بگونجێت، جا لەبەر ئەوەی ئێمە لەسەر ئاستی ئایینی پوخت لە كەسایەتیی ئیبلیسو پلەوپایەی لە گەردووندا دەكۆڵینەوە، ئەوا ناتوانین ئەو ئیجتیهادە ناوبراوە لەبەرچاو بگرین. سەربارى ئەوەی ئەم ئیجتیهادە، نەك هەر تەنیا تواناى شێواندنو فەسادكردن، بەڵكو تواناى خولقاندنو پێكهێنانیش دەداتە پاڵ ئیبلیس. ئەوەیش قسەیەكە لە لایەنی ئایینییەوە وەڵامی دراوەتەوە. ئەگەر ئیبلیس بیویستایە سەرپێچیكردن بخولقێنێت ئەوا خوا بە تواناى خۆی دەیتوانی ڕێگەی لێبگرێتو لەبەر ئەوەی ڕێگەی لێنەگرت، ئەوا ئەنجامگیری ئەوە دەكەین كەوا بوونی سەرپێچیكردن لەگەڵ ویستە سەرمەدییەكەیدا گونجاو بوو.

پێشتر قسەكەی ئەبو تالیبی مەكی هێنرایەوە (كۆتاییهاتن بریتییە لە فێڵی خوا كە نە وەسف دەكرێتو نە پەی پێدەبرێت و نە متمانەی لەسەر دەكرێت). ئەم قسەیە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو دوا كۆتاییەی بۆ ئیبلیسم پێشبینی كرد كاتێك وتم خوا لەسەر سەركەوتنی لەو تاقیكردنەوەیەدا كە تێوەی گلاند پاداشتی دەداتەوەو ئەو ڕۆژەی ئەم دراما گەردوونییە دەگاتە كۆتایی، دەیگەڕێنێتەوە بۆ بەهەشت. لە خوارەوە ئەو بۆچوونو هۆیانەی وایان لێكردم ئەنجامگیری بكەم كەوا كۆتایی ئیبلیس كۆتاییەكی ئاسوودەو خۆشحاڵییە پێشكەش دەكەم:

أ)پابەندبوونی بێوێنەی ئیبلیس بە هەقیقەتی تاكخواییەوە، لەبەر ئەوەیش ناشێت لە دۆزەخدا كۆتایی بێت، بە گوێرەی ئەو فەرموودە قودسییەی دەڵێت: (خوا وتی من خوامو بێجگە لە من هیچ خوایەكی تر نییە، كێ دانی بە تەنیایی مندا نا دەچێتە ناو قەڵاكەمەوەو هەر كەسێكیش چووە ناو قەڵاكەمەوە لە ئەشكەنجەم ڕزگاری بووە)(٤٤).

ب)ئیبلیس لەو تاقیكردنەوەیەی خوا تێوەی گلاند سەركەوتو ئارامی لەو بەڵایەش گرت كە بە هۆیەوە گیرۆدەی بووبوو، لەبەر ئەوە پاداشتی كۆتایی مسۆگەرە بە بەڵگەی ئەو فەرموودە قودسییەی دەڵێت: (خوای گەورە وتی ئەگەر بەندەیەك لە بەندە باوەڕدارەكانم گیرۆدەی بەڵا كرد، ستایشی كردمو ئارامی گرت لەوەی تووشم كردووە ئەوا هەروەك ئەو ڕۆژەی دایكی بە بێتاوانی هێنایە دونیا لە كونجەكەی ڕاستدەبێتەوەو خوا بە نووسەرەكانی دەڵێت من ئەم بەندەیەی خۆمم كۆتوبەندو تووشی بەڵا كرد پاداشتێكی بۆ بنووسن هێندەی ئەوەبێت كە پێش ئەوە بۆتان دەنووسی)(٤٥). ئەگەر ئەم كۆتاییە ئاسوودە پێشبینیكراوەی ئیبلیس نەبووایە، ئەوا كۆتاییەكەی تراژیدیایەكی ڕاستەقینەو ڕەها دەبوو كە هەروەك پێشتریش باسمان كرد لۆژیكی ئایین ناتوانێت بوونی تراژیدیا قبوڵبكات. جا لەبەر ئەوەی كۆتاییهاتن بریتییە لە فێڵی خوای گەورە، ئیبراهیمو ئەیوبی والێكرد بڕوایان وابێت كۆتایی تاقیكردنەوەكەی هەریەكەیان پێچەوانەی ئەوە بێت كە بە كردەوە هەبوو و بە پێچەوانەی ئەو كۆتاییە دەبێت كە خوا بۆ ئەوانی ویستووە واتە لە سەرەتای تاقیكردنەوەكەدا شتێك لە بڕیارەكانی خۆی نیشاندان كە جیاواز بوون لەوەی بۆ كۆتاییەكانیانی شاردبووەوە. هەمان ڕەچاوكردن بەسەر ئیبلیسیشدا ڕاستدێتەوە، چونكە فێڵی خوا خوازیاری ئەوەیە ئیبلیس بە تەواوی باوەڕی هەبێت كەوا كۆتاییەكەی داماویو بێئومێدی دەبێت. لەمەوە ئەنجامگیری دەكەین كەوا ئەو نەفرەتەی لە ئیبلیس كرا گوزارشتكردنی ئەو كۆتاییە ڕاستەقینەیە نەبوو كە خوا بۆ ئیبلیسی ویستووە، بەڵكو فێڵێكی خوداییە، مەبەستەكەی جێبەجێكردنی بڕیارەكانی ویستە لەو فێڵەدا.

با گریمانەی ئەوە بكەین من لەوەی دەربارەی هەقیقەتی ئیبلیسو دەربارەی كۆتاییو چارەنووسە هەتاهەتاییەكەی وتم ڕاستیم پێكاوە، ئەم گریمانەیە بەلایەن هەڵوێستی شەخسیمانەوە لە ئیبلیس چ

دەرئەنجامگەلێك بە دوای خۆیدا دەهێنێت؟ بڕوام وایە: یەکەم پێویستە گۆڕانکارییەکی ریشەیی بەسەر تێڕوانینە تەقلیدییەکەماندا لە ئیبلیسو گۆڕانێکی جەوهەری لە وێناکردنی کەسایەتیو پلەوپایەکەیدا بهێنینەدی. دووەم پێویستە شکۆکەی بۆ بگەڕێنینەوە بەوپێیەی فریشتەیەکە بە هەموو لەخۆبووردوویيو دڵسۆزییەکەوە خزمەتی خوای خۆی دەکاتو بەهەموو وردی و بایەخێکەوە بڕیارەکانی ویستەکەی جێبەجێ دەکات. دواشت پێویستە کۆڵ لە هەڵڕشتنی جنێو و تانەلێدانی بدەینو لێی خۆش ببینو داوای لێبووردنی بۆ بکەینو خەڵك رابسپێرین بە چاکە ناوی بەرن پاش ئەوەی، بە ساختەو بە بوختان، بە بەرپرسیی گشت ناشرینیو کەموکوڕییەکانمان دانا بوو، بەڵام بە ئەرکی سەر شانمی دەزانم ئاگادارتان بکەمەوە لەوەی لێبووردن لە ئیبلیسو گەڕاندنەوەی شکۆکەی ئەنجامو چارەنووسی گرنگی بە دوادا دێت کە سەرەتا بە خەیاڵی کەسدا نایەت. هەنگاوێکی لەو چەشنە ناچارمان دەکات زۆر لە بیروڕا ئایینیو باوەڕە بەمیراتی بۆماوەکەمان دەربارەی کێشەکانی دونیاو رۆژی دوایی بگۆڕین. بۆ ئەوەی بیرۆکەیەکی ساکارتان بدەمێ دەربارەی مەترسی ئەو ئەنجامانەی لێخۆشبوونی ئیبلیس دروستی دەکات، ئاماژە بە چیرۆکێکی ناوازەو جوان دەکەم کە تۆفیق حەکیم نووسیوویەتی(٤٦). حەکیم لەو چیرۆکەدا دەڵێت رۆژێکیان ئیبلیس بڕیاری دا تۆبە بکاتو لە تاوانەکەی پاشگەزببێتەوە تاوەکو خۆی بۆ کاری چاکەو گرتنەبەری رێگای راست تەرخان بکات، ئیتر چوو بۆ لای شێخی ئەزهەر تاوەکو لەسەر دەستی ئەو تۆبە بکاتو بە رێنمایی ئەو بچێتە ناو ئایینە پیرۆزەکەوە، ئەم دیالۆگەی خوارەوەیش لە نێوان ئیبلیسو شێخی ئەزهەردا روودا:

ـ باوەڕهێنانی شەیتان؟! کارێکی باشە بەڵام...

ـ چی؟ ئەی خەڵك مافی ئەوەیان نییە فەوج فەوج بچنە ناو ئایینی خواوە؟ ئەی ئەوە ئایەتی خوا نییە لە کتێبە پیرۆزەکەدا: (ستایشی بەخشندەیی خوای خۆت بکەو داوای لێبووردنی لێ بکە ئەو تۆبە وەردەگرێت)؟ ئەوەتا منیش ستایشی بەخشندەییەکەی دەکەمو داوای لێبووردنی لێدەکەمو دەمەوێت بە پوختی و دڵسۆزییەوە بچمە نێو ئایینەکەیەوە، موسڵمان ببمو موسڵمانییەکەشم باش بێتو ببمە باشترین مەشخەڵ بۆ باوەڕداران!

شێخی ئەزهەر بیری لە ئەنجامەکان کردەوە، ئەگەر ئیبلیس موسڵمان ببێت چۆن چۆنی قورئان بخوێنرێت؟ ئایا خەڵك بەردەوام دەبن لە وتنی: (أعوذ بالله من الشیطان الرجیم)، ئەگەر بڕیاریش بدرێت ئەو برگەیە هەڵبوەشێنرێتەوە، ئەوا مەسەلەکە هەڵوەشاندنەوەی زۆربەی ئایەتەکانی قورئان بە دوای خۆیدا دەهێنێت... چونکە نەفرەتکردنی شەیتانو ورياكردنەوە لە کارو پیسیو وەسوەسەکانی، پاژێکی گەورەی کتێبەکەی خوا پێکدەهێنێت... شێخی ئەزهەر چۆن دەتوانێت موسڵمانبوونی شەیتان قبوڵ بکات بێ ئەوەی بەوە خۆی لەقەرەی سەرجەمی پێکهاتەی ئیسلام نەدات؟!

شێخی ئەزهەر سەری بەرزکردەوەو سەیری ئیبلیسی کردو وتی: تۆ لە مەسەلەیەکدا هاتوویت بۆ لام هێشتا شتی وەهام نەدیوە... ئەوە شتێکە لە سەروو دەسەڵاتی منەوەیەو لە توانای من بڵندترە، ئەوەی تۆ داوای دەکەیت لە دەستی مندا نییەو... منیش ئەو لایەنە نیم لەم مەسەلەیەدا رووی تێبکەیت.

ـ ئەی کەواتە روو لە کێ بکەم؟ ئەی ئێوە سەرۆکەکانی ئایین نین؟ ئەی کەواتە چۆن بگەم بە خوا؟... ئەی هەر کەسێك بیەوێت لە خوا نزیك ببێتەوە، ئەمە ناکات؟. شێخی ئەزهەر ساتێك خەیاڵ بردییەوەو... ریشی خوراند، ئینجا وتی:

ـ بێگومان نیازێکی چاکە!... بەڵام... سەرباری ئەوەیش بە راشکاوی پێت دەڵێم پسپۆڕیی من بریتییە لە بەرزڕاگرتنی وشەی ئیسلامو پاراستنی سەربەرزیی ئەزهەر، ئەوە پسپۆڕیی من نییە دەست بخەمە دەستی تۆوە).

واتە شێخی ئەزهەر دەرکی بە زەروورەتی بوونی ئیبلیس بۆ بەرزڕاگرتنی پایەی ئایینو پاراستنی

دامەزراوەکانی کرد. جا ئەگەر شەیتان ون ببێت ئەوا هۆی بوونی ئایین لەنێودەچێتو بەهانەی بەردەوامبوونی بەسەردەچێت، هەروەك ئەوەی  حەکیم لە هەمان چیرۆکدا دەڵێت:

(چۆن ئیبلیس لە وجوددا دەسڕێتەوە بێ ئەوەی ئەو هەموو وێنەو ئەفسانەو ماناو نهێنییانەی دڵی باوەڕدارانیان پڕکردووەو خەیاڵیان دەتەقێنێتەوە، نەسڕێتەوە؟.. ئەگەر خراپە لە رووی زەوی سڕایەوە، ئیدی (رۆژی حیساب) مانای چییە؟ ئایا موحاسەبەی ئەوانە دەکرێت کە پێش باوەڕهێنانی شەیتان دوای کەوتبوون یان ئایا خراپەکانیان دەسڕێتەوە لەبەر ئەوەی تۆبەکەی ئیبلیس قبوڵ کراوە...)(٤٧).

پاش ئەوەی ئیبلیس لە شێخی ئەزهەر بێئومێد بوو، راستەوخۆ سەرکەوت بۆ ئاسمانو قسەی لەگەڵ جوبرەئیل کردو داوای لێکرد لای خوا واسیتەی بۆ بکات تاوەکو لێبووردنی بەربکەوێتو تۆبەکەی قبوڵ بکرێت، ئەم دیالۆگەی خوارەوە لە نێوان ئیبلیسو جوبرەئیلدا روویدا:

(ـ بەڵێ، بەڵام نەمانت لە زەوی، کۆڵەکەکان هەڵەتەکێنێت، دیوارەکان دەلەرزێنێت، رواڵەتەکان وندەکات، قیسمەتەکان تێکەڵدەکاتو رەنگەکان دەسڕێتەوە. خەسڵەتەکان هەرەس دەهێنن. ئاخر نە چاکە بەبێ بوونی خراپە هیچ مانایەکی هەیە.. نە هەق بەبێ ناهەقی..نە پیرۆزی بەبێ گڵاوی.. نە سپی بەبێ رەش.. نە رۆشنایی بەبێ تاریکی.. بەڵکو بەبێ بوونی خراپە، چاکەیش هیچ مانایەکی نییە.. تەنانەت لە میانەی تاریکییەکەی تۆوە نەبێت، خەڵك رووناکییەکەی خوا نابینن.. تاوەکو ئەوکاتەی زەوی زایەنگای ئەو خەسڵەتە باڵایانە بمێنێتەوە کە خوا بە نەوەکانی مرۆڤی بەخشیوون، بوونی تۆیش لە زەویدا پێویستە!

ـ بوونی من بۆ بوونی خودی چاکە پێویستە؟! پێویستە دەرروونی تاریکم ئاوها بمێنێتەوە بۆ ئەوەی رووناکیی خوا نیشان بدات!. ئەوا لە پێناوی مانەوەی چاکەو لە پێناوی پاکژیی خودادا بە چارەنووسە قێزەونەکەم قایلم... بەڵام... ئاخۆ وێڕای ئەو نیازپاکیو ئامانجە رەسەنەی لە دڵمدایە، هێشتا قێزەونی بە خۆمەوەو نەفرەت بە ناوەکەمەوە دەلکێن...

ـ بەڵێ پێویستە تاوەکو کۆتایی رۆژگار بە نەفرەتلێکراوی بمێنیتەوە.. ئەگەر نەفرەت لەسەر تۆ نەمێنێت هەموو شتێك لەنێودەچێت...

ـ خوایە گیان بمبوورە! بۆچی ئەم هەموو بارە گرانە هەڵبگرم؟ بۆچی ئەم قەدەرە ترسناکەم لەسەر نووسراوە؟ بۆچی ئێستا نامکەیت بە فریشتەیەکی ساکار لە فریشتەکانت، رێی خۆشەویستیی تۆو خۆشەویستی رووناکییەکەتی پێ ببەخشرێتو لە پاداشتی ئەو خۆشەویستییەدا سۆزی تۆو ستایشی خەڵکی پێبدرێت؟ ئەوەتا من بێ وێنەو بێ هاوتا تۆم خۆشدەوێت... خۆشەویستییەك ناچارم دەکات ئەم قوربانییەت بۆ بدەم کە نە فریشتەکان پەی پێدەبەنو نە مرۆڤەکان تێی دەگەن... خۆشەویستییەك ناچارم دەکات بە پۆشینی بەرگی سەرپێچیکردنتو بە دەرکەوتن لە بەرگی لە تۆ یاخیبوویەکدا قایل ببم، خۆشەویستییەك ناچارم دەکات بەرگەی نەفرەتی تۆو نەفرەتی خەڵکیش بگرم. خۆشەویستییەکە، کە تۆ تەنانەت نە دەرفەتی شەرەفی باسکردنیو نە بواری دڵخۆشبوون بە هەبوونیم پێدەدەیت... خۆشەویستییەك ئەگەر لە دڵی سۆفییەکاندا بێت سینەیان پڕ لە نوور دەکات... ئەوەتا لە دڵی مندایە،  لێ نوورەکەی قایل نییە لە سینەشم نزیك ببێتەوە.

ئیبلیس گریا... بە ملکەچی ئاسمانی بەجێهێشتو... بە دەستەپاچەیی بەرەو زەوی دابەزی... بەڵام کاتێك بە ئاسماندا تێپەڕ دەبوو ئاهێکی پەنگخواردوو لە سینەیەوە دەرپەڕی... لە هەمان کاتدا ئەستێرەو هەسارەکانیش زایەڵەکەیان دووبارەکردەوە، هەروەك ئەوەی هەموویان بۆ ئەوە کۆبووبێتنەوە تاوەکو ئەو هاوارە خوێناوییەی لەگەڵدا بڵێنەوە:

من شەهیدم!... من شەهیدم!...).

## پەراوێزەکان:.

(١) حققة محمد منير الدمشقي، مطبعة النهضة، القاهرة، ١٩٢٨.

(٢) بڕوانە (تلبيس ابليس)، ل ٣٩- ٤٤، ٦٥، ٧٣، ٨٢، ٨٣.

(٣) ل ١٦٤، ١٦٥.

(٤) ل ٤٥ – ٤٧.

(٥) ل ١٢٦.

(٦) لە كتێبی (مدخل الی فلسفة الحضارة الانسانية، أو مقال في الانسان) ترجمة دكتور احسان عباس، دار الاندلس، بيروت، ١٩٦١، ل ١٤٧– ١٤٨.

(٧) (تفليس ابليس)، مطبعة مدرسة والدة عباس الاول، قاهيرة،١٩٠٦، ل١١.

(٨) تەبەری لە تەفسیرە بەناوبانگەکەیدا ئەم ئەفسانەیەی خوارەوە دەگێڕێتەوە کە بە لایەن بابەتەکەی ئێمەوە ناوەڕۆکێکی گرنگی هەیە: (خوا جوبرەئیلی نارد بۆ زەوی تاوەکو خۆڵی لێوە بهێنێت، زەوی وتی: ئەگەر شتێکم لێ کەم بکەیتەوە یان بمڕوشێنیت پەنا بۆ خوا دەبەم (أعوذ باللة لَيدةكةم). ئیدی گەڕایەوەو خۆڵی نەبرد. وتی: خوایە پەنای بۆ تۆ هێنا ئیتر چاوم لێ پۆشی. ئینجا میکایلی نارد، زەوی پەنای بۆ خوا بردو ئەمیش چاوی لێ پۆشی، گەڕایەوەو هەمان شتی جوبرەئیلی وت. ئینجا پاشای مردنی نارد، زەوی پەنای بۆ خوا برد، ئەمیش وتی: منیش پەنا بۆ خوا دەبەم ئەگەر بڕۆمەوەو فرمانەکەی جێبەجێ نەکەم. ئیتر خۆڵی لە زەوی بردو تێکەڵی کردن، چونکە لە یەك شوێنی نەبرد، بەڵکو خۆڵی سوورو سپیو رەشی برد، لەبەر ئەوەیش نەوەکانی ئادەم رەنگاوڕەنگ دەرچوون).

ئەم چیرۆکە جیاوازیی نێوان خواستو فرمان دەنوێنێت. خوا فرمانی بە جوبرەئیلو میکایل داوە تاوەکو لە زەوییەوە خۆڵی بۆ بهێنن، بەڵام ویستی فرمانەکەی لەسەر دەستی پاشای مردن جێبەجێ ببێتو چۆنی ویست ئاوها بوو. (تفسير الطبري) تحقيق محمود محمد شاكر، دار المعارف بمصر، ب ١، ل ٤٥٩.

(٩)(تفسير الطبري) ب ١، ل ٤٧٥.

(١٠)(تفليس)، ل١٥.

(١١)(كتاب الطواسين)، تحقيق لويس ماسينيون، باريس، ١٩١٣، ( طاسين الازل والالتباس).

(١٢)(طاسين الازل والالتباس).

(١٣)هەمان سەرچاوە.

(١٤)عباس محمود العقاد (ابليس)، دار الهلال، قاهرة، ل ١٠، ١١.

(١٥)العقاد، ل ١٤٨.

(١٦)(كتاب الطواسين) المقدمة، ل ١١، ١٢.

(١٧)(تفليس)، ل٤.

(١٨)هەندێك لە موجتەهیدان دەڵێن ئەو کوڕەی فرمانی سەربڕینی بە ئیبراهیم درا ئیسحاق بوو، بەڵام هەندێکی تریان دەڵێن ئیسماعیل بوو. تەبەری لە تەفسیرەکەیدا بۆچوونەکانی ئەو دوو گروپەی شەنو کەو کردووەو بەڵگەکانیانی هێناوەتەوەو بۆچوونی ئەوانەی دەڵێن ئیسحاق بووە تەبەنیی کردووە. منیش لەم ناوهێنانەدا شوێن بۆچوونەکەی تەبەری دەکەوم. (تفسير الطبري )(الطبعة القديمة)، چاپخانەی الميمنيه، مصر، بەرگی ٨، بەشی ٣، ل٤٩.

(١٩)کیرکجۆرد لە گەڕاندنەوەی ئیسحاقدا بۆ ئیبراهیم کۆتاییەکی تایبەتی ئایینی دەبینێت کە چیرۆکی ئیبراهیم لە تراژیدیا (بە مانا ئەدەبییە ناسراوەکەی) بەرزتر دەکاتەوە، هەروەها لە کەسایەتیی ئیبراهیمدا مرۆڤێك دەبینێت کە چەند قۆناغێك لە پاڵەوانی تراژیدی، وەك ئەوەی لە ئەدەبی جیهانیدا دەیبینین، تێدەپەڕێنێت. لە کاتێکدا راستی ئەوەیە کە چیرۆکەکەی ئیبراهیم بە تەواوی

کورتی دەهێنێت لەوەی بگاتە ئاستی تراژیدیاو لەبەر ئەو هۆیانەی لەسەرەوە باسکران کەسایەتییەکەی لە خوار کەسایەتی تراژیدییەوە دەمێنێتەوە.

(٢٠)(تفليس )، ل١٥.

(٢١)طه حسين، (من الادب التمثيلي اليوناني، سوفوكليس)، دار المعارف بمصر، ل١٣٨.

(٢٢)سەرچاوەی پێشوو، ل١٥١.

(٢٣)(طاسين الازل و الالتباس).

(٢٤)(تفليس)، ل٣٦، ٣٧.

(٢٥)(الاشارات الالهية)، تحقيق عبدالرحمن بدوي، القاهرة، ١٩٥٠، ل ٨٠، ٨١، ٨٢.

(٢٦)الشيخ محمد المدني، (الاتحافات السنية في الاحاديث القدسية) حيدر اًباد، ١٢٥٨هـ، ل٨٧.

(٢٧)(طاسين الازل والالتباس).

(٢٨)(الاشارات الالهية)،ل٨١.

(٢٩)(طاسين الازل والالتباس).

(٣٠)(تفليس)، ل٢١، ٢٢.

(٣١)(طاسين الازل والالتباس).

(٣٢)(تفليس)، ل١٣.

** ئیمامی مەقدەسی نووسیوویەتی (لكنه خلق الحسن والقبيح. والمستقيم والصحيح. جمعا بين الشيءو ضده)، ئاشکرایە ڕێگەی ڕاستیو ڕاستی (شتو دژەکەی) نین، بەڵکو یەك شتنو دەبووایە (هەڵەو ڕاستی) بووایە، چونکە لەمەدا کۆکردنەوەی شتو دژەکەی مانای تەواوی خۆی بە دەستەوە دەدات.. لەوە دەچێت مەقدەسی لە ژێر کاریگەریی شێوە نووسینی قورئانو بۆ پاراستنی ئیقاعی دەقەکە هەمان شتی بەکارهێنابێت - وەرگێڕ.

(٣٣)( تفليس)، ل ٢٢ ــ ٢٣.

(٣٤)(الاتحافات السنية فى الاحاديث القدسية)، ل ٦٨.

(٣٥)تفسير الطبري، ب ١، ل ٣٠١ – ٣٠٢.

(٣٦)تفسير الطبري، ب ١، ل ٣٠٣.

(٣٧)تفسير الطبري، ب ٧، ل ٤٢١– ٤٢٣.

(٣٨)أبو طالب المكي، (قوت القلوب)، ب ١، ل ٢٢٩.

(٣٩)(تفليس ابليس)، ل ٣٦.

(٤٠)(الاتحافات السنية)، ل ٧١.

(٤١)(تفليس ابليس)، ل ٣٨، ٣٩.

(٤٢)(تفليس)، ل ١٦.

(٤٣)بِروانة (تفسير الطبري)، ب ١، ل ٤٧٧– ٤٨٨، ٥٠٨.

(٤٤)(الاتحافات السنية)، ل ٤.

(٤٥)(الاتحافات السنية)، ل ١٠.

(٤٦)(الشهيد).

**سەرچاوە:**

کتێبی (نقد الفكر الديني) نووسینی د. صادق جلال العظم، چاپی هەشتەم، بیروت، لوبنان، ١٩٩٧، ل ٥٥ – ٨٧.